# مافی منداڵان
# لە سیستمی دادپەروەریدا

## ڕاسپاردەی گشتی ژمارە ٢٤

کۆمیتەی مافەکانی منداڵ

# مافی منداڵان

# لە سیستمی دادپەروەریی منداڵاندا

ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٤ی

کۆمیتەی مافەکانی منداڵ

سلێمانیی – ٢٠٢٢

پەڕتووکی (٦)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

## ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی (KCIL)

هەواڵنامەی کتێب


❁ ناوی پەڕتووک: مافی منداڵان لە سیستمی دادپەروەریی منداڵاندا

❁ وەرگێڕان: KCIL

❁ بابەت: **یاسایی**

❁ نرخ: **خۆڕایی**

❁ نۆرەی چاپ: **یەکەم – ٢٠٢٢**

❁ تیراژ: **٥٠٠ دانە**

# ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردیی-ئەڵمانیی ناحکوومیی سەربەخۆی قازانجنەویستە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە کلاورۆژنەی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە کوردستان. ناوەند لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانی ئەو یاسایانەدا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کوردستان دەکات.

ئەم وەرگێڕانە بەرهەمی (**ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی**)ـە بۆ ئاشناکردنتان بە ڕەهەند و تانوپۆکانی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، یەکێکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندەکە و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ، پاربۆی کردووە.

www.kc-interlaw.org info@kc-interlaw.org

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک

یەکەم: پێشەکی ........................................ ٧
دووەم: مەودا و ئامانجەکان ........................................ ١٣
سێیەم: زاراوەکان ........................................ ١٧
چوارەم: پێکهاتە گرنگەکانی ڕێسای هەمەکیی دادپەروەریی منداڵ ........................................ ٢١
پێنجەم: ڕێکخستنی سیستمی دادپەروەریی منداڵ ........................................ ٩٢
شەشەم: بەرزکردنەوەی هۆشیاریی و ڕاهێنان ........................................ ٩٥
حەوتەم: کۆکردنەوەی زانیاریی و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە ........................................ ٩٧

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم: پێشەکیی

١. ئەم ڕاسپاردە گشتییە جێی ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٠ـی ساڵی ٢٠٠٧ـی مافەکانی منداڵ بۆ 'دادپەروەریی نەوجەوانان'[1] دەگرێتەوە. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو پەرەسەندنانەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە ڕوویان داوە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی پێودانگە نێودەوڵەتیی و نێوخۆییەکان و چوارچێوەی دادوەریی کۆمیتەکە و تێگەشتنی نوێ لەمەڕ گەشەسەندنی منداڵ و تازەپێگەشتووان و بەڵگەی کردەوە کاریگەرەکان، لەوانەش؛ ئەوانەی پەیوەندییان بە دادپەروەریی ئاشتەواییەوە هەیە. هەروەها ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی وەک 'کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان'[2] و بێبەشکردنی ئازادیی. ڕاسپاردە گشتییەکە تیشکۆ دەخاتە سەر چەند پرسێک، لەوانەش؛ پرسی ئەو منداڵانەی دەستەبژێر کراون و لەلایەن 'گرووپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان'[3]ەوە بەکار هێنراون، ئەمە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە وا وەک گرووپی تیرۆریستیی

---

[1] Juvenile Justice.
[2] Minimum Age of Criminal Responsibility.
[3] Non-State Armed Group.

ناسێنراون، هەروەها ئەوانەشی لە سیستمی دادگەریی نەریتیی و ڕەسەن یان نادەوڵەتیی تردان.

٢. منداڵان لە ڕووی گەشەسەندنی جەستەیی و دەروونییەوە، لە پێگەشتووان جیاوازن، ئەم جیاوازییەش دەبێتە بنەمایەک بۆ تێگەشتن لە تاوانباریی کەمتر و سیستمێکی جیا و هەنگاوێکی جیا. دەرخستنی سیستمی دادگەریی تاوان بەوە دەناسرێتەوە، کە دەبێتە هۆی ئازاردانی منداڵان و دەرفەتی بوون بە پێگەشتوویەکی بەرپرسیاریان لێ سنووردار دەکات.

٣. کۆمیتەکە پەی بەوە دەبات کە پارێزگاریی لە 'سەلامەتیی گشتیی' ئامانجێکی ڕەوای سیستمی دادپەروەرییە، لەوانەش؛ سیستمی دادپەروەریی منداڵ. بەم شێوەیەش، پێویستە دەوڵەتانی ئەندام خزمەت بەم ئامانجە بکەن، کە پابەندییانە بە ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی دادپەروەریی منداڵان، وەک لە پەیماننامەی مافەکانی منداڵدا هاتووە. پەیماننامەکە لە مادەی ٤٠یشدا ڕوونوڕەوان ئەمە دەخاتە ڕوو، دەبێت هەموو منداڵێکی تۆمەتبار یان ناسراو بەوەی پێشێلی یاسای تاوانی کردووە، بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کە لەگەڵ بەرەوپێشبردنی شکۆ و

بەهای منداڵاندا جووت بێتەوە. بەڵگەکان ئەوە پێشان دەدەن، کە پاش جێبەجێکردنی سیستمەکە، تەشەسەندنی ئەو تاوانانەی وا منداڵان ئەنجامی دەدەن، دادەکشێن، ئەمەش بە پەسەندکردنی ئەو ڕێکارانە.

٤. کۆمیتەکە بەرەو پیری هەموو ئەو هەوڵانەوە دەچێت وا بە ڕێککەوتن لەگەڵ پەیماننامەکە و بۆ چەسپاندنی سیستمی دادپەروەریی منداڵان، دراون. ئەو دەوڵەتانەی بڕگەکانیان زیاتر لەگەڵ مافەکانی منداڵ گونجاوە، بەراورد بەوانەی لە پەیماننامەکە و ڕاسپاردەی گشتییدا هاتوون، ستایش دەکرێن، ئەمەش ئەوە وەبیر دەوڵەتان دێنێتەوە، کە بەپێی مادەی ٤١ی پەیماننامەکە، نابێت هیچ هەنگاوێکی هەڵە بنێن. ڕاپۆرتەکانی دەوڵەتانی ئەندام ئەوە دەردەخەن، کە هێشتا زۆربەی دەوڵەتانی ئەندام بۆ بەدەستهێنانی ڕێککەوتنی تەواو لەگەڵ پەیماننامەکە، پێویستیان بە بەشداریی تایبەتە، بە تایبەتیش سەبارەت بە پێشگیریی و دەستێوەردانی پێشوەختە و پەرەسەندن و بەجێهێنانی ڕێوشوێنەکانی لادان، هەروەها 'ڕێبازی فرەبواریی'[٤] و کەمترین

[4] Multidisciplinary Approach.

تەمەن بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی تاوان و بێبەشکردنی ئازادیی.
کۆمیتەکە سەرنجی دەوڵەتان بۆ ڕاپۆرتی ئەو پسپۆڕە سەربەخۆیانەی وا پێشڕەویی لێکۆڵینەوە گەردوونییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن، ڕادەکێشێت، ئەمەش سەبارەت بەو منداڵانەی لە ئازادیی بێبەش کراون (١٣٦/٧٤/ا)، ئەمەش بەپێی بڕیاری 'ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان'[٥] ٦٩/١٥٧ پێشکەش کراوە.

٥ . لە دەیەکانی ڕابردوودا، ئەندامە خۆجێیی و نێودەوڵەتییەکان، چەندین 'ڕاگەیاندن'[٦] و 'ڕێوێنیی'[٧]یان بۆ دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەریی و 'دادپەروەریی دڵسۆزانەی منداڵان'[٨] برەو پێ داوە، ئەم پێودانگانەش لە هەموو ڕەهەندەکانی سیستمی دادپەروەرییەوە منداڵان دەپارێزێت، لەوانەش؛ قوربانیی منداڵ و 'گەواهیدەری تاوان'[٩] و منداڵان لە دادبینییی خۆشگوزەرانیی و منداڵانی بەردەم ڕاپەڕاندنی دادگا. هەرچەندە ئەم

---

[5] United Nations General Assembly.
[6] Declaration.
[7] Guidelines.
[8] Child-Friendly Justice.
[9] Witness of Crime.

گەشەسەندنانە بەنرخن، بەڵام لە دەرەوەی پێوەری ئەم ڕاسپاردە گشتییە شکست دەهێنن، ئەم گەشەسەندنانەش سەرنج دەخەنە سەر ئەو منداڵانەی تۆمەتبار کراون یان پێشێلی یاسای تاوانیان کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## دووەم: مەودا و ئامانجەکان

٦ . مەودا و ئامانجەکانی ئەم ڕاسپاردە گشتییە ئەمانەن:

ا. بۆ دەستەبەرکردنی سەرنجی نوێ و هاوچەرخ لە مادە و ڕێکارەکانی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ و ڕێنوێنی دەوڵەتان بۆ بەجێهێنانێکی هەمەکیی سیستمی دادپەروەریی منداڵان، ئەمە مافەکانی منداڵ دەپارێزێت و برەویان پێ دەدات.

ب. بۆ دووپاتکردنەوەی گرنگیی پێشگیریی و دەستێوەردانی پێشوەختە و پاراستنی مافەکانی منداڵ لە هەموو پێواژۆکانی سیستمەکەدا.

پ. بۆ برەودان بە ڕێچارە ستراتیژییەکان، بە تایبەت لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە زیانبەخشەکانی پەیوەندیی لەگەڵ سیستمی دادپەروەریی تاوان، ئەمە پشتئەستوور بە تێگەشتنی زیاتر لە گەشەسەندنی منداڵان و بە تایبەتیش:

یەکەم: دانانی کەمترین تەمەنی گونجاو بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی تاوان و دڵنیابوونەوە لە مامەڵەیەکی گونجاو بەرانبەر منداڵان.

دووەم: هەڵسەنگاندنی لادانی ئەو منداڵانەی لە پرۆسەی 'دادپەروەریی فەرمیی'[10] و بەرنامە کاریگەرەکان دوورن.

سێیەم: بەرفراوانکردنی بەکارهێنانی ڕێوشوێنە نانەریتییەکان تا دڵنیاییەک ڕەنگرێژ بێت، کە دەستبەسەرکردنی منداڵان 'کۆتابژاردە'[11] بێت.

چوارەم: کۆتاییهێنان بە سزادانی جەستەیی و 'لەسێدارەدان'[12] و 'زیندانی هەمیشەیی'[13].

پێنجەم: لەو ڕەوشە دەگمەنانەی وا بێبەشکردنی ئازادیی وەک کۆتاچارەسەر پاساو دەدرێت، هەروەها دڵنیابوونەوە لە

---

10 Formal Justice.
11 Last Resort.
12 Capital Punishment.
13 Life Sentence.

جێبەجێکردنی ئەمە بۆ منداڵانی گەورەتر، سەرتاپێ سنوورمەندی کاتە و پێداچوونەوەی بەردەوامی دەوێت.

ت. برەودان بە بەهێزیی سیستمەکە لەڕێی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان و تواناسازیی و کۆکردنەوەی زانیاریی و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەوە.

ج. بۆ پێدانی ڕێنوێنیی لەمەڕ دادبینییە نوێیەکان لەو بوارەدا و بەتایبەتیش بەئەندامکردن و بەکارهێنانی منداڵان لەلایەن گرووپی چەکداریی نادەوڵەتییەوە، لەوانەش؛ ئەوانەی وەک گرووپی تیرۆرستیی ناسێنراون، هەروەها ئەو منداڵانەی پەیوەندییان بە سیستمی دادپەروەریی نەریتیی و ڕەسەن و نادەوڵەتییەوە هەیە.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: زاراوەکان

٧ . کۆمیتەکە هانی بەکارنەهێنانی زمانی زبر و لەکەدارکەر دەدات، ئەمەش گرێدراوی ئەمانەیە: منداڵان و تۆمەتباران یان ئەوانەی بەوە ناسراون گوایە پێشێلی یاسای تاوانیان کردووە.

٨. ئەو دەستەواژە گرنگانەی لەم ڕاسپاردە گشتییەدا بەکار هاتوون، لە خوارێ ڕیز کراون:

• 'پێگەشتوویەکی گونجاو':[14] لەو ڕەوشانەی دایباب یان 'سەرپەرشتیاری یاسایی'[15] بۆ یارمەتیدانی منداڵەکە بەردەست نین، پێویستە دەوڵەتانی ئەندام ڕێ بە کەسێکی پێگەشتووی گونجاو بدەن تا یارمەتیی منداڵەکە بدات، دەکرێت ئەو پێگەشتووەش کەسێک بێت یان منداڵەکە هەڵی بژاردبێت یان دەسەڵات.

---

14 Appropriate Adult.
15 Legal Guardian.

• سیستمی دادپەروەریی منداڵ: یاسا و پێودانگ و ستاندارد و ڕێکار و میکانیزم و ئەو بڕگانەی بۆ ئەمە بەرکارن، هەروەتر ئەو دامەزراوە و ئەندامانەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی دانراون، هەروەها ئەو منداڵانەی بە سەرپێچییکەر دادەنرێن.

• 'بێبەشکردنی ئازادیی':[16] هەر شێوازێکی 'دەستبەسەرکردن'[17] و 'زیندانیکردن'[18] یان دانانی کەسێک لە ناوەندێکی چاودێریی گشتیی یان تایبەتیی، لێرەدا کەسەکە ڕێی نادرێتێ بە ویستی خۆی یان بە فەرمانی هەر دەسەڵاتێکی دیکەی گشتیی و دادپەروەریی و ڕاپەڕاندن، شوێنەکە جێ بهێڵێت.

• 'لادان':[19] ڕێوشوێنەکان بۆ دوورخستنەوەی منداڵان لە سیستمی دادپەروەریی، جا لە هەرکاتێکی پێش یان لە میانەی دادخوازیی پەیوەندییدارەوە.

---

[16] Deprivation of Liberty.
[17] Detention.
[18] Imprisonment.
[19] Diversion.

• 'کەمترین تەمەنی بەرپرســیارێتیی تاوان':[٢٠] کەمترین تەمەن ئەو تەمەنەیە کە یاســا بۆ منداڵانی هێڵکێش دەکات، منداڵان لەو تەمەندا توانای پێشێلکردنی یاسای تاوانیان نییە.

• دەستبەسەرکردنی پێش‌دادگایی: دەستبەسەرکردن لە ساتی 'دەســتگیرکردن'[٢١] تـا قۆنـاغی ڕاگواســتن و زینـدانیی، لەوانەش؛ دەستبەسەرکردن بە درێژایی دادگاییەکە.

• دادپەروەریی ئـاشــتەوایی: هەر پێـڤـاژۆیەکی قـوربـانیی و ســەرپێچییکەر یان ئەو تاک و ئەندامانەی تری جڤات، وا بەهۆی تـاوانێکەوە زیـانیـان بەرکەوتووە، چـالاکـانە و پێکڕا بەشـــداریی چارەســەری ئەو بـابەتـانەی لە ئەنجامی تـاوانەکانەوە ســەریان هەڵـداوە، بکەن. ئەمەش زۆربەی کات بە دەســاوێژی بێلایەنیی و دادپەروەرانەی لایەنی سـێهەم، نموونەی پرۆســە ئاشــتەواییەکان ئەمانەن؛ 'نێوەندگیریی'[٢٢] و کۆڕبەند و 'ئاشــتەوایی'[٢٣] و بازنەکانی سزادان.

---

[20] Minimum Age of Criminal Responsibility.
[21] Arrest.
[22] Mediation.
[23] Conciliation.

هەواڵنامەی کتێب

## چوارەم: پێکهاتە گرنگەکانی ڕێسای هەمەکیی دادپەروەریی منداڵ

**ا. پێشگیریی لە بێڕێزیی بە منداڵ، لەوانەش؛ دەستێوەردانی پێشـــوەختە بەرانبەر ئەو منـداڵانەی لە خوار کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانن.**

٩. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام ڕاوێژ بە پێودانگە نەخشەڕێژ و ڕێوشـــوێنە کردارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن، ئەمەش بۆ نەهێشـتنی توندوتیژیی دژ بە منداڵان لە بواری 'پێشگیریی تاوان'[24] و 'دادگەریی تـاوان'[25] و لـێکـۆڵـینەوە بەراوردکـاریـیە نـێوخـۆیـی و نێودەوڵەتییەکان، ئەمە بەپێی بنچینەی هۆکارەکانی تێوەگلانی منـداڵان لە سـیسـتمی دادپەروەریی منـداڵان و لەئەسـتۆگرتنی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ ئاگادارکردنەوەی گەشـەسـەندنەکانی نەخشـەڕێژیی پێشـگیریی. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو، کە پرۆگرامی چارەسەرە چڕەکان، بەپێی خێزان و کۆمەڵگە نەخشەکێش

24 Crime Prevention.
25 Criminal Justice.

کراون، ئەمەش بۆ ئەنجـامـدانی گۆڕانکـاریی ئەرێنیی لە ڕەهەنـدە جیاوازەکانی سیستمی کۆمەڵایەتییدا (ماڵ و خوێندنگە و کۆمەڵگە و پەیوەندیی هەڤاڵێتیی)، ئەمە بەشـداریی نەهێشـتنی هەڵسوکەوتە دژوارە پێکۆڵەکانی منداڵان دەکات و مەترسـیی منـداڵان بەرانبەر هـاتنەنـاوەوەی سـیسـتمی دادپەروەریی دادەکشـێنێ. پێویسـتە پرۆگرامەکانی پێشـگیریی و دەسـتێوەردانی پێشـوەختە، سـەرنج بخەنە سـەر پـاڵپشـتیی خێزانەکـان، بە تـایبەتیش ئەوانەی لە بارودۆخێکی مەترسیداردان یان لە شوێنی ڕوودانی توندوتیژییەکەن. دەبێت پاڵپشـتیی بۆ ئەو منداڵانە دابین بکرێت وا لە مەترسـیدان، بە تایبەتیش ئەوانەی وازیان لە خوێندنگە هێناوە و دەرکراون یان بە پێچەوانەوە خوێندن تەواو ناکەن، هەروەها پێشـنیاری پاڵپشـتیی تونـدی گرووپە هەڤـاڵبەنـدەکان و بەشـداریی دایبـاب دەکرێت. پێـویسـتە دەوڵەتـانی ئەنـدام گەشـە بە پـرۆگـرام و بنەمـای خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە بـدەن، ئەمە وەڵامی پێداویسـتیی و کێشـە و نیگەرانیی و حەز و ئـارەزووە تـایبەتییەکـانی منـداڵان دەداتەوە و ڕاوێژ و ڕێنوێنیی بۆ خێزانەکانیان دەستەبەر دەکات.

١٠. مادەی ١٨ و ٢٧ـی پەیماننامەکە جەخت لە سەر گرنگیی بەرپرسیارێتیی دایباب بۆ گۆشکردنی منداڵەکانیان دەکاتەوە، بەڵام

هاوکات داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات، هاوکاریی دایباب (یان چاوەدێرانی تر) دابین بکەن، ئەمەش بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. خۆیان بۆ گرنگیپێدان و پەروەردەکردنی منداڵان لە سەرەتای تەمەنیاندا تەرخان بکەن، ئەم خۆتەرخانکردنە هاوکاریی منداڵان دەکات بۆ داکشاندنی ڕێژەی توندوتیژیی و تاوان لە داهاتوودا. جا ئەمە کاتێک دەکرێت، کە تەمەنی منداڵەکە زۆر کەمە، بۆ نموونە لە ڕێی پرۆگرامەکانی سەردانی ماڵان بۆ بەرزکردنەوەی توانای دایکایەتیی و باوکایەتیی. پێویستە ڕێوشوینەکانی هاریکاریی سەرنج بخەنە سەر دەوڵەمەندیی زانیاریی لەمەڕ پرۆگرامەکانی پێشگیریی بەپێی بنەمای خێزان و کۆمەڵگە، وەک پرۆگرامەکانی بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی نێوان منداڵان و دایباب، هەروەها هاوبەشیی لەگەڵ خوێندنگە و پێکەوەیی ئەرێنیی هاوڕێیان و چالاکییە کەلتووریی و چێژبەخشەکان.

١١. دەستێوەردانی پێشوەختەی ئەو منداڵانەی لە خوار کەمترین تەمەنی بەرپرسیارییەتی تاوانن، پێویستی بە وەڵامێکی فرەڕەهەند و دڵسۆزانەی منداڵان هەیە، جا ئەگەر منداڵەکە لە سەروو کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان بوو، ئەوا وەک

تاوانبار بناسرێتەوە. پێویستە پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی بنەمای بەڵگەیی پەرەسەندوو بن، بە ڕادەیەک، نەک تەنها ڕەنگدانەوەی هۆکارە زۆرە کۆمەڵایەتییە دەروونییەکانی ئەو ڕەفتارانە بن، بەڵکوو بەرهۆی پاراستنیش بن، ئەمەش لەوانەیە خۆڕاگرییان بەهێز بکات. پێویستە بە هەڵسەنگاندنی تێگەشتن و فرەڕەهەندیی پێداویستییەکانی منداڵان، پێش لە دەستێوەردانەکان بگیرێت. پێویستە خێزان و کۆمەڵگە پاڵپشتیی منداڵان بکەن، ئەمە پێشیەنەیەکی ڕەهایە. باشتر وایە ئەم جۆرە لە چاودێریی جێگرەوە، لەو دۆخە ئاوارتانەی پێویستی بە نێشتەجێبوونی دەرەوەی ماڵە، لە چوارچێوەی خێزانەکاندا بێت، هەرچەندە لەوانەیە لە هەندێ ڕەوشدا دانانیان لە شوێنەکانی چاودێریی نیشتەجێبوون گونجاو بیت، ئەمەش بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویستی خزمەتگوزارییە پیشەییەکان. ئەمە وەک دوایین ڕێوشوێن بەکار دێت، ئەمەش پێویستە لە کەمترین کاتدا پێداچوونەوەی یاسایی بۆ بکرێت.

١٢. دەکرێت ڕێگەی سیستماتیکی پێشگیریی ئەمانە بگرێتەوە؛ داخستنی ڕێگاکان بۆ ناو سیستمی دادپەروەریی منداڵ لە ڕێی سڕینەوەی تاوانە لاوەکییەکان، وەک ئامادەنەبوون لە خوێندنگە،

ڕاکردن و 'دەرۆزە'[26] و ماڵبڕین، ئەمانە زۆربەی کات لە ئەنجامی 'هەژاریی'[27] و 'بێنەوایی'[28] یان توندوتیژیی خێزانییەوە ڕوو دەدەن. هەروەها هەندێک جار منداڵانی قوربانیی چەوساندنەوەی سێکسیی و تازەپێگەشتووان، لە سێکسێکی دوولایەنەدا تێکەڵ بە یەکتری دەبن، کردەکە بە تاوان هەژمار دەکرێت. ئەم کردەوانە، بە ڕەوشی تاوانیش دەناسرێنەوە و ئەگەر لەلایەن پێگەیشتووانەوە ئەنجام دران، ئەوا بە تاوان هەژمار ناکرێن. کۆمیتەکە داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات، ڕەوشی تاوان لە بنەڕەتنامەکەیان بسڕنەوە.

26 Begging.
27 Poverty.
28 Homelessness.

**ب. دەستێوەردان لە بەرژەوەندیی ئەو منداڵانەی لە سەروو کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیین**

١٣. بەپێی مادەی ٤٠ (٣) (ب)ـــی پەیماننامەکە، پێویستە دەوڵەتانی ئەندام، برەو بە ڕەخساندنی ڕێوشوێنەکان بدەن، ئەمەش بۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵان، جا بێ گەڕانەوە بۆ دادخوازییە یاساییەکان و لە هەر جێیەک گونجاو بوو. بە گشتیی ڕێوشوێنەکان بە سەر دوو دابەشکارییدا دەسەبەش دەبن:

ا. ئەو ڕێوشوێنانەی ئاماژە بە دوورخستنەوەی زارۆکان لە سیستەمی یاسایی دەکەن، لە هەرکاتێکی پێش یان لە میانەی دادخوازیی پەیوەندییدارەوە (لادان).

ب. ڕێوشوێنەکانی چوارچێوەی دادخوازییە یاساییەکان.

١٤. کۆمیتەکە وەبیر دەوڵەتانی ئەندام دێنێتەوە، کە پێویستە لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی ژێر هەردوو جۆری دەستێوەردانی بەرژەوەندی منداڵدا، پتر گرنگیی بە دڵنیایی بدرێت، ئەمەش بۆ پاراستن و ڕێزگرتنی مافی زارۆکان و پاراستنە یاساییەکانیان.

**ئەو دەستێوەردانانەی تەرێز لە پەنابردن بۆ دادخوازییە یاساییەکان دەگرن.**

١٥. ئەو ڕێوشـوێنانەی مامەڵە لەگەڵ منداڵان دەکەن و دوور دەکەونەوە لە پەنابردن بۆ دادخوازییە یاســاییەکان، بە چەندین ســیســتم لە جیهاندا ناســێنراون و بە گشــتیی وەک لادان ناودێر دەکرێن. لادانەکان بـابەتی دوور لە ســیســتمی تـاوانی دادگەریی فەرمیی دەگرنەوە، بە گشــتیی پرۆگرام و چالاکییەکان دەگرنەوە، ئەمە ســەرەڕای دوورکەوتـنەوە لە 'بەدنـاوکـردن'[٢٩] و 'تـۆمـاری تـاوانبـاریی'،[٣٠] ئەم ڕێگەیە ئەنجـامی بـاش بۆ منـداڵان بەدەســت دەهێنێـت، ئەمەش لەگەڵ ســەلامەتیی گشــتییـدا گونجـاوە و سەلمێندراوە کە تێچووەکەی کەمە.

١٦. دەبـێـت لە زۆربەی پەڕاوەکـانـدا، لادان شــێـوازێـکی پەســەندکراوی مامەڵە بێت لەگەڵ منداڵان. پێویســتە دەوڵەتانی ئەنـدام بەردەوام مـاوەی ئەو پێشــێلکـاریـانەی وا ئەگەری لادانی تێـدایە، درێژ بکەنەوە، لەوانەش؛ ســەرپێچییە مکووڕەکان بەپێی گونجـاویی. پێویســتە دەرفەتەکانی لادان بە زووترین کاتی گونجـاو

[29] Stigmatization.
[30] Criminal Record.

بەردەست بن، ئەمەش پاش پەیوەندیی‌گرتن بە سیستمەکەوە و بە درێژایی قۆناغە هەمەجۆرەکانی پرۆسەکە. پێویستە لادان بەشێکی پێکهێنەری سیستمی دادپەروەریی منداڵ بێت، دەبێت بەپێی برگەی ٤٠ (٣) (ب)ــی پەیماننامەکە، لە هەموو پرۆسە و پرۆگرامەکانی لاداندا، تێکڕای مافی مرۆڤ و پاراستنی یاسایی منداڵەکە، ڕێزی لێ بنرێت و بپارێزرێت.

١٧. دەوڵەتانی ئەندام لە بڕیاردان بۆ سرووشتی تەواوەتیی و ناوەڕۆکی ڕێوشوێنەکانی لادان و گرتنەبەری یاسایی پێویست و ڕێوشوێنەکانی تر و ڕاپەڕاندنی ڕێکارەکانیان، سەرپشکن. کۆمیتەکە تێبینیی ئەوە دەکات، کە چەندین پرۆگرام بەپێی کۆمەڵگە گەشەیان سەندووە، لەوانەش؛ خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە و سەرپەرشتیی و ڕێنوێنیی لەلایەن بەرپرسانی دیاریکراو و کۆڕبەندی خێزانەکان و بژاردەکانی تری دادپەروەریی، لەوانەش؛ قەرەبووی قوربانییان.

١٨. کۆمیتەکە دووپاتی ئەم خاڵانەی لای خوارێ دەکاتەوە.

ا. تەنها لەو کاتانەدا لادان بەکار دێت، کە 'بەڵگەیەکی قایلکەر'[31] هەبێت، کە منداڵەکە بەشداریی تاوانەکەی کردووە و 'ئازادانە و خۆویستانە'[32] دان بە بەرپرسیارێتییەکەیدا دەنێت، ئەمە بەبێ 'چاوترسێنیی'[33] و 'فشار'.[34] نابێت لە هیچ دادخوازییەکی یاسایی دواتردا، ئەو دانپیانانە دژی منداڵەکە بەکار بێت.

ب. پێویستە بەشداریی ئازاد و 'ڕەزامەندیی'[35] کەسەکیی منداڵەکە بۆ لادان، بەپێی بنەمای زانیارییەکی ڕاست و دیارییکراو و سرووشت و ناوەڕۆک و ماوەی کاتی ڕێوشوێنەکە و هەروەها بەپێی بنەمای تێگەشتنی دەرەنجامەکانی شکستی هاوکاریی یان ڕاپەڕاندنی ڕێوشوێنەکە بێت.

پ. پێویستە یاسا دەستنیشانی ئەو پەڕاوانە بکات وا دەکرێت لادانی تێدا ڕوو بدات، هەروەتر دەبێت بڕیارە پەیوەندییدارەکانی پۆلیس و 'داواکاری گشتیی'[36] و دەزگاکانی دی، ڕێکخراو بن و

[31] Compelling Evidence.
[32] Freely and Voluntarily.
[33] Intimidation.
[34] Pressure.
[35] Consent.
[36] Prosecutor.

پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت. هەروەها پێویستە سەرپاکی کاربەدەستانی دەوڵەت و ڕۆڵگێڕانی پرۆسەی لادان، ڕاهێنان و پاڵپشتیی پێویستیان پێ بگات.

ت. دەبێت منداڵەکە دەرفەتی پێ بدرێت تا بە دوای 'هاوکاریی یاسایی'[٣٧] یان هەر هاوکارییەکی تری گونجاوی پەیوەست بە لاداندا بگەڕێ، دەسەڵات ئەمە دابین دەکات. هەروەها ئەگەری پێداچوونەوە بە ڕێوشوێنەکان هەبێت.

ج. نابێت ڕێوشوێنەکانی لادان بێبەشکردنی ئازادیی بگرنەوە.

چ. پێویستە تەواوکردنی پرۆسەی لادانەکە ببێتە هۆی کۆتاییهێنان و داخستنی پەڕاوەکە. هەرچەندە دەکرێت تۆمارە نهێنییەکانی لادان بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن و پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان بێت، بەڵام نابێت وەک تاوانبار تەماشا بکرێن یان ناویان لە تۆماری تاواندا تۆمار بکرێت.

[37] Legal Assistance.

١٩. کاتێک دادبینییە یاساییەکان لەلایەن دەسەڵاتی کارامەوە دەست پێ دەکەن، ڕێکارەکانی دادگاییەکی دادپەروەرانە جێبەجێ دەکرێن (بڕوانە بەشی -ت- لە خوارەوە). پیویستە سیستمی دادپەروەریی منداڵ دەرفەتی زۆر و فراوان بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان دابین بکات، هەروەها سنووردارکردنێکی توندوتۆڵی بێبەشکردنی ئازادیی، ئەمە لە ساتەوەختی دەستگیرکردن و بە درێژایی دادبینییەکە و سزادان. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام خزمەتگوزاریی ئازادکردن یان دەزگای هاوشێوەیان بە دەستەیەکی ڕاهێنراوی باشەوە هەبێت، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوەی فراوان و کاریگەیی بەکارهێنانی ڕیوشوێنەکان، وەک ڕێنوێنیی و سەرپەرشتیی فەرمانەکان و هەڵپەساردنی سزا و چاودێریی کۆمەڵگە، یان ڕاپۆرتی ڕۆژانە و ئەگەری 'ئازادکردنی پێشوەختە'[٣٨]ی دەستبەسەران.

[38] Early Release.

## پ. سیستمی دادپەروەریی منداڵ و تەمەن

### کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان

٢٠. نابێت ئەو منداڵانەی وا لە ساتی ئەنجامدانی تاوانێکدا لە خوار کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانن، لە دەمی دادبینی یاسای تاواندا بە بەرپرسیار بزانرێن. ئەو منداڵانەی لە تەمەنی یان سەروو تەمەنی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانن، بەڵام لە ١٨ ساڵ کەمترن، ئەوا دەتوانرێ لە ساتی ئەنجامدانی تاواندا، بە فەرمیی دەستگیر بکرێن و ڕێکارەکانی دادپەروەریی منداڵیان بە سەردا جێبەجێ بکرێت، ئەمەش بە ڕێککەوتنی تەواوەتیی لەگەڵ پەیماننامەکە. کۆمیتەکە وەبیر دەوڵەتانی ئەندام دەهێنێتەوە، کە تەمەنی پەیوەندییدار، تەمەنی ساتی ئەنجامدانی تاوانەکەیە.

٢١. بەپێی مادەی ٤٠ (٣)ی پەیماننامەکە، پێویستە دەوڵەتانی ئەندام، کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان دابنێن، بەڵام مادەکە تەمەنێکی دیاریکراو دەستنیشان ناکات. زیاتر لە ٥٠ دەوڵەتی ئەندام، کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانیان بەرز

کردووەتەوە، ئەمە دوابەدوای 'پەسەندکردنی پەیماننامەکە'[39]، لە سەرپاکی جیهاندا، چواردەساڵیی، باوترین کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاپۆرتانەی دەوڵەتانی ئەندام پێشکەشیان دەکەن، ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەندێک دەوڵەت نزمترین ئاستی نەپەرژێنراوی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانیان هەیە.

٢٢. بەڵگە تۆمارکراوەکانی بواری گەشەسەندنی منداڵان و زانستی دەمار، دەرخەری ئەوەن، کە پێگەیشتوویی و توانستە زەینییە ئەندێشەییەکان لە منداڵانی ١٢ بۆ ١٣ ساڵاندا، هەروا پەرە دەسێنن، ئەمەش بەپێی ئەو ڕاستییەی هێشتا بەشی پێشەوەی توێژاڵی مێشکیان لە گەشەسەندندایە. بۆیە لەوانەیە لە لێکەوتەی ئەو کار و تاوانانە تێ نەگەن. هەروەها لە بن باندۆری پێڤاژۆی تازەپێگەیشتوویيدان. هەروەک کۆمیتەکە لە ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٠ـی ساڵی ٢٠١٦ لەمەڕ جێبەجێکردنی مافەکانی منداڵ لە ماوەی تازەپێگەشتوویيدا تێبینیی دەکات، تازەپێگەشتوویی وەک قۆناغێکی ناوازەی یەکلاکەرەوەی گەشەسەندنی مرۆڤ

[39] Ratification of Convention.

دەناسرێتەوە، ئەویش بە هۆی گەشـەی خێرای مێشـکەوە، ئەمەش کاریگەریی دەخاتە ســەر ســەرکێشــی و هەندێ بڕیاری تایبەت و توانای جڵەوکردنی بە ســەر ڕەمەکەکاندا. دەوڵەتانی ئەندام هان دەدرێن تا ســەرنجی دۆزینەوە زانســتییەکانی ئەم دواییانە بدەن و بەپێی ئەوەش کەمترین تەمەنی بەرپرســیارێتیی لانی کەم بۆ چــواردەســاڵــی زیــاد بــکەن. ســەربــاری ئەمەش، بەڵــگەی گەشەسەندنەکان و زانستی دەمار ئەوە دیاریی دەکەن، کە مێشکی هەرزەکاران بەردەوام گەشـە دەسـەن، تەنانەت لە سـەروو تەمەنی پێگەشـتنیشـەوە؛ ئەمەش باندۆر دەخاتە سـەر بڕیارە تایبەتییەکان. سا بۆیە کۆمیتەکە فەرمان بە دەوڵەتانی ئەندام دەدات تا تەمەنێکی زیاتر لە کەمترین تەمەنی بەرپرســیارێتیی تـاوان دابنێن، بۆ نموونە پانزە یان شـانزە سـاڵی، کۆمیتەکە هانی دەوڵەتانی ئەندام دەدات، کە لە هیچ بـارودۆخێکـدا، کەمترین تەمەنی بەرپرســیارێتیی تـاوان کەم نەکەنەوە، ئەمەش بەپێی مادەی ٤١ی پەیماننامەکە.

٢٣. هەرچەنـدە کـۆمـیـتەکە دانـانـی کەمـتـریـن تەمەنـی بەرپرســیـارێتیی تـاوان لە ئـاســتێکی بەرزی گونجـاودا بە گرنـگ دەزانێت، بەڵام ئەو ڕێگە کاریگەرەش پشـــت بە چۆنێتیی مامەڵەی دەوڵەتان لەگەڵ منداڵی خوار یان سـەروو ئەو تەمەنە دەبەستێت.

هەروەها کۆمیتەکە بۆ پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی دەوڵەتانی ئەندام بەردەوامیی بە وردبینیی ئەم مامەڵەیە دەدات. دەبێت لایەنی پەیوەندییدار هاوکاریی و خزمەتگوزاریی بۆ منداڵانی خوار تەمەنی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان، دەستەبەر بکات، ئەمەش بەپێی پێویستییەکانیان، هەروەها نابێت وەک منداڵێکی تاوانبار تەماشا بکرێن.

٢٤. کاتێک هیچ بەڵگەیەک بۆ تەمەنی منداڵەکە بەردەست نییە و ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت کە منداڵەکە لە سەر یان خوار کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانە، ئەوا منداڵەکە سوود لەو گومانە دەبینێت و بە بەرپرسیاری تاوانکاریی دەستنیشان ناکرێت.

## سیستمە هەڵاوێردراوەکانی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان

٢٥. کۆمیتەکە نیگەرانی ئەو هەوڵانەیە وا ڕێ بە بەکارهێنانی تەمەنێکی کەمتر لە کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان دەدەن، بۆ نموونە لەو پەڕاوانەی منداڵەکە بە ئەنجامدانی 'تاوانی قورس'[٤٠] تۆمەتبار کراوە. ئەم هەوڵانەش زۆربەی کات بۆ وەڵامدانەوەی فشاری گشتیی درووست دەکرێن و لە سەر بنەمای تێگەشتنێکی ژیرانەی گەشەسەندنی منداڵان نین، هەروەها کۆمیتەکە پێکۆڵانە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات، تا ئەو ڕێسایانە هەڵبوەشێننەوە و داوا دەکات تەمەنێکی پێوانەیی لە خوار ئەو تەمەنەوە دابنێن، لەو تەمەنەدا منداڵان ناتوانن بەرپرسیاری یاسای تاوان بن، ئەمەش بەبێ هیچ هەڵاواردنێک.

[40] Serious Offence.

## سیستەمەکانی دوو جۆرلە کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان

٢٦. چەندین دەوڵەتی ئەندام دوو کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان بەکار دەهێنن (بۆ نموونە، ٧ و ١٤ ساڵی)، وا دادەنرێت ئەو منداڵانەی لە تەمەنی یان سەروو تەمەنی کەمترین تەمەنن، بەڵام لە خوار بەرزترین تەمەنی بەرپرسیارێتیین، ئەوا تا ئەو کاتەی پێگەشتوویی تەواوەتییان دەسەلمێنرێت، بە بەرپرسیاری تاوان دانانرێن. دەستپێک ئەمە لە وێنەی سیستمێکی پاراستن دانرا، بەڵام لە لە گۆڕەپانی کردەییدا نەسەلمێنراوە. هەرچەندە هەندێک پشتگیریی بۆ بیرۆکەی هەڵسەنگاندنی تاکبەتاکی بەرپرسیارێتیی تاوان هەیە، بەڵام کۆمیتەکە تێبینیی ئەوە دەکات، کە ئەمە بۆ بڕیاری دادگا جێ دەمێنێت و دەبێتە هۆی 'کردە جیاکارییەکان'.[٤١]

٢٧. هانی دەوڵەتان دەدرێت تا کەمترین تەمەنی گونجاو دیاریی بکەن، ئەمەش تا دڵنیا ببنەوە کە ئەم چاکسازییە یاساییانە، نابنە هۆی پاشەکشە لە دیاریکردنی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان.

[41] Discriminatory Practices.

**ئەو منداڵانەی گەشەکردن یان گەشەی دەمارییان تێک چووە یان خاوەنپێداویستیی تایبەتن، بەرپرسیارێتیی تاوانیان ناکەوێتە ئەستۆ.**

٢٨. ئەو منداڵانەی گەشـــەیان کزە یان تێکچوونی گەشـــەی دەمارییان هەیە یان خاوەنپێداویســـتیی تایبەتن (بۆ نموونە، ئۆتیزم و ئـاوڵەی ئـالوودە یـان برینی مێشـــک)، نـابێ بە هیچ جۆرێک لە ســـیســـتمی دادپەروەریی منداڵدا بن، تەنانەت ئەگەر گەشـــتبنە کەمترین تەمەنی بەرپرســـیارێتیی تـاوانیش. ئەگەر ئەم منـداڵانە بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ لە ســـیســـتمەکە دەرنەکرێن، ئەوا دەبێت هەڵسەنگاندنی تاکبەتاکیان بۆ بکرێت.

## جێبەجێکردنی سیستمی دادپەروەریی منداڵ

٢٩. دەبێت سیستمی دادپەروەریی منداڵ بۆ هەموو منداڵانی سەروو تەمەنی کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوان بەردەست بێت، بەڵام لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیی و لەو کاتەوەی تاوانەکە ئەنجام دەدەن.

٣٠. کۆمیتەکە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی سیستمی دادپەروەریی منداڵ بۆ ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵییەوەن (یان کەمتر) سنووردار دەکەن، یان بە دۆخێکی ئاوارتە ڕێگە بەوە دەدەن بەشێک لەو منداڵانە وەک پێگەشتوویەکی تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت (بۆ نموونە، بەهۆی پۆلێنکردنی تاوانەکان) یاساکانیان بگۆڕن، ئەمەش لەپێناو دڵنیایی بەکارنەهێنانی جیاکاریی لە سیستمی دادپەروەریی منداڵ بۆ هەموو ئەو کەسانەی خوار تەمەنی ١٨ ساڵیین، ئەمەش لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەوە (بڕوانە ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٠، بەندی ٨٨).

٣١ . هەروەها دەبێت سیستمی دادپەروەریی منداڵ پارێزگاریی بۆ ئەو منداڵانە درێژ بکاتەوە وا ساتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بوون، بەڵام لە کاتی داگایی یان زیندانییەکەیدا پێ دەنێنە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە.

٣٢. کۆمیتەکە داوا لەو دەوڵەتە ئەندامانە دەکات وا ڕێ بە جێبەجێکردنی سیستمی دادپەروەریی منداڵ دەدەن بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان ١٨ ساڵ یان زیاترە، جا بەهۆی یاسایەکی گشتیی یان ڕێگەیەکی ئاوارتە. ئەم ڕێگەیە بە بەڵگەکانی گەشەسەندن و زانستی دەمار دەبێت، ئەمانەش ئەوە دەردەخەن خانەکەنی مێشک تا نزیکی بیست ساڵیی بەردەوامن لە گەشە.

## پێناسی لەدایکبوون و دیارییکردنی تەمەن

٣٣. ئەو منداڵەی 'پێناسی لەدایکبوون'[42]ی نییە، پێویستە دەوڵەت بە خێرایی و بێبەرانبەر، بۆی دابین بکات، ئەمەش هەرکاتێک پێویستی بە سەلماندنی تەمەنەکەی بێت. ئەگەر هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تەمەنەکەی لە بەڵگەنامەکەیدا نەبوو، ئەوا پێویستە دەوڵەت هەموو ئەو بەڵگەنامانە پەسەند بکات کە سەلمێنەری تەمەنەکەین، لەوانەش؛ ئاگانامەی لەدایکبوون، دەرهێنانی لە تۆماری لەدایکبوون و بەڵگەنامە یەکسانەکان یان ڕاپۆرتەکانی خوێندنگە. پێویستە بەڵگەنامەکان تا ئەو کاتەی سەلمێنەرێک لە بەرانبەر ئەمەدا دەدۆزرێتەوە، بە ڕاست دابنرێن. دەبێت دەسەڵات ڕێ بە چاوپێکەوتن و شایەتیدانی دایباب بدات، ئەمە سەبارەت بە تەمەنی منداڵەکانیان یان ڕێپێدانی پشتڕاستکردنەوە بۆ ئەوەی ئەو مامۆستا و کەسە ئایینی و پێشڕەوانەی کۆمەڵگە وا تەمەنی منداڵەکە دەزانن، تۆمار بکەن.

٣٤. ئەگەر ئەم ڕێوشوێنانە بێئەنجام بوون، ئەوا دەکرێت هەڵسەنگاندنێک بۆ گەشەی دەروونیی و جەستەیی منداڵەکە

---

[42] Birth Certification.

بکرێت، ئەمەش لەلایەن پسپۆڕی منداڵان و شارەزایانی تری هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە جیاوازەکانی گەشەسەندنەوە. پێویستە ئەو هەڵسەنگاندنانە بە شێوازێکی خێرا و منداڵهەستیار و جێندەرهەستیار و گونجاوی کەلتووریی ئەنجام بدرێن، لەوانەش؛ چاوپێکەوتنی منداڵان لەگەڵ دایباب و بەخێوکەران، بە زمانێک، کە منداڵەکە لێی تێبگات. پێویستە دەوڵەتان تەنیا ڕێکارە پزیشکییەکان بەکار نەهێنن، بۆ نموونە شیکاریی ئێسک و ددانەکان، ئەمانە زۆربەی جاران دروست نیین و ڕەنگە بەهۆی زۆری ئەندازەی هەڵەکانەوە، بەزەبر بکەونەوە. هەروەها پێویستە کەمترین ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی پزیشکیی هەڵسەنگاندن بەکار بێت. دەبێت منداڵ یان کەسە گەنجەکە، لە ڕەوشی بەڵگەیەکی یەکلانەکراوەدا، سوود لە گومانەکە ببینێت.

## بەردەوامیی ڕێوشوێنەکانی دادپەروەریی منداڵ

٣٥ . کۆمیتەکە پێشنیار دەکات ئەو منداڵانەی پێ دەنێنە تەمەنی ١٨ ساڵیی، پێش تەواوکردنی پرۆگرامی لادان یان ڕێوشوێنە نەریتی و نانەریتییەکان، ڕێگەیان بدرێتێ پرۆگرام و ڕێوشوێنەکان و ماوەی زیندانییەکەیان تەواو بکەن و نەنێردرێنە ناوەندی پێگەشتووان.

## تاوانەکانی پێش یان پاش تەمەنی ١٨ ساڵیی

٣٦ . لەو ڕەوشانەی کەسێکی گەنج چەند تاوانێک ئەنجام دەدات و هەندێکیان پێش یان پاش تەمەنی ١٨ ساڵیی ڕوو دەدەن، ئەوا پێویستە دەوڵەتانی ئەندام، ڕەچاوی دەستەبەری ڕێکارە یاساییەکان بکەن، ئەمە ڕێگە بە بەکارهێنانی سیستمی دادپەروەریی منداڵ بۆ هەموو تاوانەکان دەدات، جا ئەمە کاتێک کە زەمینەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارەکە هەیە.

٣٧. لەو ڕەوشانەی منداڵێک تاوانێک بە هاوبەشیی لەگەڵ یەکێک یان چەند پێگەشتوویەکدا، ئەنجام دەدات، ئەوا یاساکانی سیستمی دادپەروەریی منداڵ بە سەر منداڵەکەدا جێبەجێ دەبن، جا ئەگەر هەوڵەکە سەربەخۆ یان بە هاوبەشیی بووبێت.

## ت. دەستەبەریی دادگاییەکی دادپەروەرانە

٣٨. مادەی (٤٠-٢)ـی پەیماننامەکە ڕیزبەندێکی گرنگی ماف و دەســـتەبەرییەکان دەگرێتەوە، ئەمانەش ئامانجیان دڵنیایی دانە لەوەی هەموو منـداڵێـک مـامەڵە و دادگاییەکی دادپەروەرانەی پێ دەگات (هەروەها بڕوانە مادەی ١٤ـــــی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی لەمەڕ مافە مەدەنیی و سیاسییەکان). هەروەتر دەبێت تێبینیی ئەوە بکرێت، ئەوانە کەمترین پێوانەکانن و دەوڵەتانی ئەندام دەتوانن و پێویستە لە هەوڵی چاودێریی و دامەزراندنی پێودانگی بەرزتردا بن.

٣٩. کۆمیتەکە دووپـاتی دەکـاتەوە، کە ڕاهێنـانی بەردەوام و ســـیســـتماتیکی پیشـــەگەرانی ســـیســـتمی دادپەروەریی منداڵ بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو دەستەبەرییانە، گرنگ و پێویستن. پێویستە ئەم پیشـــەگەرانەی ســـیســـتمەکە تـوانـای کـارکـردنـیـان لە تـیـمە فرەبوارەکاندا هەبێت و بە باشـیی لە ســـەر گەشـــەی جەســـتە و دەروون و مێشـک و لایەنی کۆمەڵایەتیی منداڵان و پێگەشـتووان و پێویســـتییە تایبەتییەکانی پەراوێزخراوترین منداڵەکانیش، ئاگادار بکرێنەوە.

٤٠. دژایەتیی جیاکاریی لە یەکەمین پەیوەندیی لەگەڵ سیستمی دادپەروەریی تاوان و بە درێژایی دادگاییەکە، پێویستە و جیاکاریی دژ بە هەر گرووپێکی منداڵان، قەرەبوویەکی خێرای گەرەک، بە تایبەتی دەبێت سەرنجێکی هەستیاریی جێندەریی تایبەت بۆ ئەو کچ و منداڵانەی وا بەپێی بنەمای 'مەیلی سێکسیی'[٤٣] یان 'شووناسی ڕەگەزیی'،[٤٤] جیاکارییان لە دژ کراوە، بدرێت. هەروەها پێویستە کۆمەکی منداڵانی خاوەنپێداویستیی تایبەت بکرێت، ئەمەش لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە؛ دەستگەیشتنیان بە دادگا و باڵەخانەکانی دیکە و پاڵپشتی ئەو منداڵانەی ناتەواویی دەروونییان هەیە، هەروەتر یارمەتیدانیان بۆ پەیوەندیی و خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان و ڕێکارە ڕێکخەرەکانی گەواهییدان.

٤١. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام یاسا دەربکەن و دڵنیایی لە پەیڕەویی پاراستنی مافەکانی منداڵان بدەن، ئەمەش لە ساتی پەیوەندییکردن بە سیستمەکەوە، لەوانەش؛ لە قۆناغی وەستان و ئاگاداریی و دەستگیرکردن، لە کاتی چاودێریی پۆلیس یان دەزگاکانی تری یاساسەپێنیی، هەروەتر کاتی گواستنەوەی بۆ بنکەی پۆلیس و

---

43 Sexual Orientation.
44 Gender Identity.

شـوێنەکانی دەسـتبەسـەرکردن و دادگاکان و کاتی پرسـیارکردن و گەڕان و وەرگرتنی نموونە بەڵگەییەکان. هەروەها دەبێت بە درێژایی قۆنـاغ و پرۆسـەکان، تۆمارەکان لە شـوێن و دۆخی منـاڵەکەدا بهێڵدرێنەوە.

## نابێت هیچ کارپێکردنێکی 'ڕابردووبەند'[45] بۆ دادپەروەریی منداڵ هەبێت. مادەی (٤٠-٢-١)

٤٢. نابێت ئەو منداڵەی بەشـداریی تاوانێکی نەکردووە، لە کاتی بەئەنجامگەیـاندنی تـاوانێـک، بە تـاوانبـار بزانرێـت، ئەمەش لە ژێر یاسـای نێودەوڵەتیی و نێوخۆیی و لە سـاتی بەئەنجامگەیاندنیدا. ئەو دەوڵەتە ئەنـدامـانەی بڕگەکانی یـاسـای تـاوان بۆ ڕێگریی و شـەڕی تیرۆرسـتیی درێژ دەکەنەوە، پێویسـتە دڵنیـایی بـدەن لەوەی ئەو گۆڕانکارییانە نابنە هۆی سـزای نەخوازراو و ڕابردووبەند بۆ منداڵان، هەروەها نابێت هیچ منداڵێک سزایەکی قورستر لەو سزایەی لە ساتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، بۆی دانراوە، بە سـەردا بسـەپێنرێت، بەڵام ئەگەر پاش تـاوانەکە گۆڕانێـک لە یـاسـاکەدا سـزایەکی سـووکتر دەستەبەر بکات، ئەوا دەبێت منداڵەکە لێی سودمەند بێت.

[45] Retroactive.

## گریمانەی بێتاو انیی. مادەی (٤٠ -٢-ب-یەکەم)

٤٣. 'گریمـانەی بێتـاوانیی'[٤٦] دەخوازێـت بـاری ســەلمـانـدنی تاوانەکە لە ئەســتۆی دادگا بێت، ئەمە بێ گوێدانە ســرووشــتی تـاوانەکە. منـداڵەکە دەتوانێت ســوود لە گومـانەکە ببینێت، لە کـاتێکـدا بە تـاوانبـار دادەنرێـت، کە لە دوای نەبوونی گومـانێکی لـۆژیـکییەوە تـۆمەتەکە دەســەلمێنرێـت، نـابێـت هەڵســوکەوتی گومـانـاویی منـداڵەکە، ببێتە هۆی 'گریمـانەی تـاوانبـاربوون'،[٤٧] ئەمەش لەوانەیە بەهۆی تێنەگەشتن لە پرۆسەکە یان پێنەگەشتن و کاملنەبوون یان ترس لە هۆکارەکانی دیکە بێت.

## مافی گوێلێگرتن. مادەی (١٢)

٤٤. لە بەندی ٥٧ بۆ ٦٤ی ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی 'مافی گوێگرتن لە منداڵ'[٤٨]، کۆمیتەکە مافە بنەڕەتییەکانی

---

46 Presumption of Innocence.
47 Assumptions of Guilt.
48 Right to be Heard.

مافی گوێگرتن لە منداڵی لە چوارچێوەی دادپەروەریی منداڵدا ڕوون کردووەتەوە.

٤٥. منداڵان لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکەدا و لە ساتی پەیوەندییکردنەوە مافی ئەوەیان هەیە گوێیان لێ بگیرێت، ئەمەش نەک تەنها لەڕێی نوێنەرێکەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە خۆیان. هەروەها منداڵ کاتێک نایەوێت هیچ قسەیەک بکات، ئەوا 'مافی بێدەنگمانەوە'[49]ی هەیە و نابێت هیچ دەستتێوەردانێکی دژ بنوێنرێت.

### بەشداریی دادخوازییەکان. مادەی (٤٠-٢-ب-چوارەم)

٤٦. دەبێت ئەو منداڵەی لە سەروو کەمترین تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانەوەیە، بە درێژایی پرۆسەی دادپەروەریی منداڵ، وەک پەسەندکراوێکی بەشدار هەژمار بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بەشدارییەکی کاریگەری هەبێت، دەبێت پسپۆڕان پاڵپشتیی بکەن، ئەمەش بۆ تێگەشتن لە تۆمەتەکان و ئەگەری دەرەنجام و

---

[49] Right to Remain Silent.

بژاردەکان، ئەمەش بەو ئامانجەی نوێنەرێکی یاسایی ئاڕاستە بکرێت و بەرەنگاریی گەواهیدەرەکان ببێتەوە و لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان بکات و بڕیاری گونجاو سەبارەت بە بەڵگەکان و شایەتیدەرەکان و ڕێکارەکان بدات. دەبێت دادخوازییەکان بە زمانێک بن، کە منداڵەکە بە تەواوەتیی لێی تێ بگات، یان وەرگێڕێکی زارەکیی بێبەرانبەری بۆ دابین بکرێت، هەروەها کەشێکی تێگەشتنی وا هەبێت، کە ڕێ بە بەشداریی تەواوەتیی منداڵەکە بدات. دادبینیی قۆناغەکانی دادپەروەریی دۆستانەی منداڵان، گوڕوتینێکە بۆ فەراهەمکردنی زمانێکی دۆستانەی منداڵان. هەروەها پلانی دۆستانەی منداڵان بۆ چاوپێکەوتنی دادگا و شوێنەکان و پاڵپشتی لەلایەن پێگەشتووەکان و داکەندنی پۆشاکە یاساییە ترسێنەرەکان، هەروەتر گونجاندنی کارەکان، لەوانەش دابینکردنی شوێن بۆ منداڵانی خاوەنپێداویستیی تایبەت.

## زانیاریی خێرا وڕاستەوخۆی تۆمەتەکان، مادەی (٤٠-٢-ب-دووەم)

٤٧. هەموو منداڵێک 'مافی ئاگادارکردنەوەی خێرا و ڕاستەوخۆی هەیە'[50] (یان لە ڕێی دایباب و بەخێوکەرەکانیان لە کاتێکی گونجاودا)، لەو تۆمەتانەی وا خراون. ئاگاداریی خێراش واتە بەزووترین کات، جا ئەمە دوای یەکەمین پەیوەندییکردن بە سیستمی دادپەروەریی منداڵەوە، سا نابێت ئاگادارکرنەوەی دایباب پشتگوێ بخرێن، ئەویش بەپێی ئاسوودەیی و تایبەتمەندییان. پێویستە ئەو منداڵانەی قۆناغی تۆمەتباریی تێدەپەڕێنن، لە بژاردە یاساییەکانیان تێبگەن و ڕێزی تەواو لە پارێزگارییە یاساییەکانیان بگیرێت.

٤٨. دەبێت دەسەڵاتداران دڵنیایی بدەن کە منداڵەکە لە تۆمەت و بژاردە و پرۆسەکە تێدەگات. هەروەها دابینکردنی بەڵگەنامەیەکی فەرمیی بۆ منداڵەکە بەس نییە و پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زارەکیی هەیە. هەرچەندە دەبێت دایباب یان

---

[50] Right to be Informed Promptly and Directly.

پێگەشـــتوویەک یـارمەتیی منـداڵان بـدەن تـا لەو بەڵگەنـامـانە تێ بگەن. نابێت دەســەڵات ڕوونکردنەوەی تۆمەتەکان بەو کەســـانە بسپێرێ.

## هاوکاری یاسایی، مادەی (٤٠-٢-ب-دووەم)

٤٩. پێویسـتە دەوڵەتان لە سـەرەتای دادخوازییەکاندا دڵنیایی لە دەسـتەبەریی هاوکاریی یاسـایی منداڵەکە بدەن، ئەمەش لە کاتی ئامادەکردن و پێشـکەشـکردنی بەرگرییەکەدا، تا ئەو کاتەی هەموو پێـداچوونەوە و تێهەڵچوونەوەکـان تەواو دەبن. کۆمیتەکە داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات، پاشــەکشــێ لە هەموو خۆبواردنەکانی پەیوەست بە مادەی (٤٠-٢-ب-دووەم) بکەن.

٥٠. کۆمیتەکە نیگەرانە کە لەوانەیە زۆرێک لە منداڵەکان، لە بەردەم دەســەڵاتی دادوەریی و بەڕێوەبردن یان دەســەڵاتی گشــتیی تردا، ڕووبەڕووی 'تۆمەتی تاوان'[51] ببنەوە و لە ئازادیی بێبەش بکرێن و ســوود لە 'نوێنەری یاســایی'[52] نەبینن. هەروەها کۆمیتەکە تێبینیی دەکات لە مادەی (١٤-٣-ت)ـــــی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی لەمەڕ

[51] Criminal Charges.
[52] Legal Representation.

مافە مەدەنیی و سیاسییەکان، مافی نوێنەریی یاسایی کەمترین گەرەنتیی سیستەمی دادپەروەریی تاوانە بۆ هەمووان، دەبێت ئەمە بۆ هەموو منداڵان وەک یەک جێبەجێ بکرێت. کاتێک مادەکە ڕێ بە کەسەکە دەدات تا ڕووبەڕووی بەرگریی لە خۆی بکات، جا لە هەر ڕەوشێکدا کە بەرژەوەندیی یاسایی داوا بکات، ئەوا کەسەکە یارمەتیدەرێکی یاسایی بۆ دادەنرێت.

٥١. لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرێ، کۆمیتەکە نیگەرانە لە پێدانی پاراستنی کەمتر بە منداڵان بەراورد بە دەستەبەری یاسایی نێودەوڵەتیی بۆ پێگەشتووان. کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتان دەکات تا بێ بەرانبەر نوێنەری یاسایی بۆ هەموو ئەو منداڵانەی ڕووبەرووی تۆمەتی تاوان دەبنەوە، دابین بکات، ئەمەش لە بەردەم دەسەڵاتی دادوەریی و ڕاپەڕاندن یان دەسەڵاتی گشتیی تری سیستەمی دادپەروەریی منداڵدا، جا نابێت ڕێ بە منداڵان بدات دەستبەرداری نوێنەرە یاساییەکانییان بن، تا ئەو کاتەی بڕیاری وازهێنانەکە خۆبەخشانە و لە ژێر سەرپەرشتیارێکی یاسایی بێلایەندا بێت.

٥٢. ئەگەر منداڵەکان لە پڕۆگرامەکە لا ببرێن یان لە سیستمێکدا بن کە نەبێتە هۆی تاوانبارکردن و تۆماری تاوان و بێبەشکردنی ئازادییان، ئەوا دەکرێت هاریکاریی گونجاوی دیکەی ئەفسەرە ڕاهێنراوەکان، شێوازێکی پەسەندکراوی هاوکاریی بێت، هەرچەندە پێویستە ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی دەتوانن نوێنەری یاسایی بۆ هەموو منداڵان دابین بکەن، لە گشت پرۆسەکاندا و بە ڕێککەوتن لەگەڵ مادەی ٤١ ئەوە بکەن. لە هەر شوێنێک کە هاوکاریی ڕێگەی پێ بدرێت، دەبێت ئەو کەسەی هاوکارییەکە دابین دەکات، زانیاریی پێویستی لەمەڕ شێوازە یاساییەکانی پرۆسەی دادپەروەیی منداڵ هەبێت و ڕاهێنانی گونجاوی پێ بگات.

٥٣. وەک لە مادەی (١٤-٣-ب)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و سیاسییەکاندا داوا کراوە، دەبێت بەپێی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ، کاتی پێویست و ئاسانکاریی بۆ ئامادەکاریی بەرگرییەکە هەبێت و پەیوەندیی تایبەتیی نێوان منداڵەکە و نوێنەرە یاساییەکە یان یاریدەدەرێکی مسۆگەر بکرێت. ئەمەش بەپێی مادەی (٤٠-٢-حەوتەم)، هەروەها دەبێت دژی هەر دەستێوەردانێکی ژیانی تایبەتیی، بەپێی مادەی (١٦)، ڕێز لە مافی پاراستنی منداڵەکە بگیرێت.

**بڕیارەکان بە بێ دواخستن و بە بەشداریی دایباب و بەخێوکەران، مادەی (٤٠-٢-ب-سێیەم)**

٥٤. کۆمیتەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە پێویستە تا دەکرێت، ماوەی ئەنجامدانی تاوانەکە و کۆتاییهێنان بە دادخوازییەکان کورت بن، چونکە تا ماوەکەیان درێژتر بێت، ئەگەری وەڵامەکە بۆ لەدەستدانی دەرەنجامی خوازراو زیاتر دەبێت.

٥٥. کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات جێبەجێکردنی سنووری کات بۆ ماوەی نێوان ئەنجامدانی تاوانەکە و تەواوبوونی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و بڕیاری داواکاری گشتیی (یان دەسەڵاتی دیکە) دابنێت، ئەمەش بۆ بەجێهێنانی تۆمەتەکان و بڕیاری کۆتایی دادگا یان هەر دامەزراوەیەکی تری یاسایی، هەروەها دەبێت ئەم سنوورمەندییەی کات زۆر لەوانەی بۆ پێگەشتووان دانراون کورتتر بن، بەڵام هێشتا دەبێت ڕێزی تەواوەتیی پاراستنی یاسایی بگیرێت و هەمان خێرایی سنوورمەندیی کات بۆ ڕێوشوێنەکانی لادان بەجێ بهێنرێن.

٥٦. بە درێژایی دادخوازییەکان، دەبێت دایباب و پارێزەرە یاساییەکان ئامادە بن. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە پارێزەرەکە یان

دەسـەڵات، بڕیاری سـنووردارکردن و ئامادەنەبوونییان لە دادخوازییەکاندا بدات، ئەمەش لە سـەر داواکاریی منداڵەکە یان یاریدەدەرە یاسـاییەکەی یان بەهۆی ئەوەی ئەمە لە بەرژەوەندیی منداڵەکە نییە.

٥٧. کۆمیتەکە پێشـنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا یاسـایەکی ئاشـکرا هەبێت، ئەمە لە ئەگەرە زۆرەکانی بەشـداریی دایباب و پارێزەرە یاسـاییەکان لە دادخوازییەکاندا، چونکە ئەوان دەتوانن هاوکاریی دەروونیی و سـۆزداریی گشـتیی بۆ منداڵەکە دابین بکەن و بەشداریی لە دەرەنجامی کاریگەر بکەن. هەروەها کۆمیتەکە دەزانێت زۆرینەی منداڵان بە شـێوەیەکی نافەرمیی لەگەڵ کەسـە نزیکەکانییان دەژین، ئەمانە نە دایک و باوکیانن نە پارێزەری یاسـایی، هەروەها دەبێت یاسـاکە بە ڕەنگێک مشـتوماڵ بدرێ کە ڕێ بە بەخێوکەرێکی باوەڕپێکراو بدات تا یارمەتیی منداڵەکە بۆ دادخوازییەکانی بدات، ئەمەش لە کاتێکدا دایباب بەردەست نەبن.

**ئازادیی لە خۆتاو انبارکردنی ناچاریی، مادەی (٤٠-٢-ب-چوارەم)**

٥٨. پێویســـتە دەوڵەتانی ئەندام دڵنیایی بدەن، کە منداڵ ناچار نییە شـــایەتیی بدات و دان بە تاواندا بنێت. ئەنجامدانی کردەی ئەشکەنجە و زەبر و مامەڵەی نامرۆڤانە و سووکایەتیپێکەر بۆ دانپیادانان، دەبێتە هۆی پێشـــێلکارییەکی گەورەی مافی منداڵ (پەیماننامەی مافەکانی منداڵ، مادەی (٣٧-ا). ئەو دانپیانانە وەک بەڵگە قەبووڵ نەکراون (پەیماننامەی دژ بە ئەشـــکەنجە و ســـزا و مامەڵەی زبر و سووکایەتیپێکەر و نامرۆڤانەی تر، مادەی (١٥).

٥٩. بەکارهێنانی زەبر و زەنگ ڕێپێنەدراوە، چونکە ئەمە منداڵەکە ناچاری دانپیانان و گەواهیدان لە خۆتاوانبارکردن دەکات. دەبێت دەستەواژەی 'زۆرلێکردن'[53] لێکدانەوەی فراوانی بۆ بکرێت و بۆ زەبری جەســـتەیی ســـنوورمەند نەکرێت. هەروەها مەترسیی 'دانپیانانی ناڕاست'[54] بەهۆی تەمەن و گەشەی منداڵەکە و تێنەگەشتن و ترسی دەرەنجامە نەزانراوەکان و هەروەتر ئەگەری

---

[53] Compel.

[54] False Confession.

هەڕەشـــەی زیندانیکردن و درێژیی پرســیارەکان و هەلومەرجەکانی پرسیارکردن، هەڵدەکشێ.

٦٠ .پێویســته منـداڵەکه توانـای دەســتڕاگەیشــتنی به یاریدەدەرێکی یاســایی یان هەر یاریدەدەرێکی تری گونجاو هەبێت، جا له ماوەی پرســیارکردنەکاندا دایباب و پارێزەری یاســایی یان پێگەشــتوویەکی پاڵپشــتیی بکەن. پێویســته دادگا و دامەزراوەی یاسایی تر، به سەرنجدان له دانپێدانانی ڕاست و بڕیاری منداڵەکە، هەموو فاکتەرەکان ڕەچاو بکەن، لەوانەش؛ تەمەنی منداڵەکه و پێگەشــتن و درێژیی ماوەی پرســیار و ئامادەبوونی یاریدەدەرێکی یاســایی یان ســەربەخۆی دایباب و پارێزەر یان پێگەشــتوویەک. پێویسته ئەفسەرانی پۆلیس و بەرپرسانی تری لێکۆڵینەوە، به باشیی ڕاهێنـانیـان پێ بکرێت، ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوە لەو هونەرانەی پرســیارکردن و ئەو ڕاهێنانانەی دەبنه هۆی گەواهیی و دانپیانانی بەزەبروزەنگ و ناڕاســت، هەروەها دەبێت لەو شــوێنەی پێویســته تەکنیکی وێنەی دەنگیی بەکار بێت.

**ئامادەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی گەواهیدەرەکان، مادەی (٤٠-٢-ب-چوارەم)**

٦١. منداڵەکان 'مافی تاقیکردنەوەی ئەو گەواهیدەر'[55]ـانەیان هەیە وا شایەتییان لە دژ دەدەن، هاوکات بەشداریی ئەو گەواهیدەرانەی پاڵپشتیی بەرگرییەکەیان دەکەن، دەبێت پڕۆسەی دادپەروەریی منداڵ بەپێی مەرجەکانی یەکسانیی و هاوکاریی یاریدەدەرێکی یاسایی ڕێ بە بەشداریی منداڵەکە بدات.

**'مافی پێداچوونەوە و تێهەڵچوونەوە'.[56] مادەی (٤٠-٢-ب-پێنجەم)**

٦٢. منداڵەکە مافی زانینی بڕیاری تاوانی هەیە، یان ئەو ڕێوشوێنانەی دەسەڵاتی باڵا و سەربەخۆ و بێلایەن یان دامەزراوەی یاسا بۆ پێداچوونەوە دەیسەپێنن. مافی ئەم پێداچوونەوەش بۆ تاوانە مەترسیدارەکان سنووردار نەکراوە. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام، ڕەچاوی پێناساندنی ڕێوشوێنە ڕاستەوخۆکانی پێداچوونەوە بکەن، بە تایبەتیش لەو پەڕاوانەدا وا دەبنە هۆی

[55] Right to Examine Witnesses.
[56] Right of Review or Appeal.

تۆمارکردنی تاوان و بێبەشکردنی ئازادیی. هەروەتر، دەستگەیشتن بە دادپەروەریی پێویستی بە لێکدانەوەیەکی فراوانتر هەیە، ئەمە ڕێ بە پێداچوونەوە و تێهەڵچوونەوەکانی هەر ڕێکارێکی جێگرەوەی بەدرێنوێنییەکان و دڵنیایی لە هەبوونی چارەسەریی کاریگەر دەدات.

٦٣. کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا پاشەکشە لە هەر خۆبواردنێکی پەیوەست بە مادەی (٤٠-٢-ب-شەشەم) بکەن.

## یاریدەدەری بێبەرانبەری وەرگێڕانی زارەکیی، مادەی (٤٠-٢-ب-شەشەم)

٦٤. هەر منداڵێک کە تێگەشتن و توانای قسەکردنی ئەو زمانەی نییە وا لە سیستەمی دادپەروەریی منداڵدا بەکار دێت، ئەوا مافی خۆیەتی لە هەموو پێشاژۆکاندا وەگێڕی زارەکیی بێبەرانبەری هەبێت، ئەو وەرگێڕەش پێویستە بە باشیی ڕاهێنانی بۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵان پێ بکرێت.

٦٥. دەبێت دەوڵەتانی ئەندام ئەو یاریدەدەرە بەئەزموون و گونجاوانەی وا شارەزایان ڕایانهێناون بۆ ئەو منداڵانەی کێشەی پەیوەندییکردنیان هەیە، دابین بکەن.

## ڕێزگرتنی تەواوەتیی لە ژیانی تایبەتیی، مادەی (١٦ و ٤٠-٢-ب-حەوتەم)

٦٦. مافی ڕێزگرتنی تەواوەتیی ژیانی تایبەتیی منداڵ، لە ماوەی هەموو دادخوازییەکاندا و لە مادەی (٤٠-٢-ب-حەوتەم)دا هاتووە و دەبێت لەگەڵ مادەکانی (١٦ و ٤٠-١) بخوێندرێنەوە.

٦٧. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام ڕێز لەو یاسایە بگرن وا دادبینییەکانی دادپەروەریی منداڵی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە لێ ئەنجام دەدرێت. دەبێت جیاکارییەکان سنووردار بکرێن و بە ڕوونیی لە یاساکەدا دابنرێن. ئەگەر بڕیارەکە یان تاوانبارکردنەکە لە دانیشتنی دادگا و لە ناو جەماوەردا ئاشکرا بکرێت، ئەوا نابێت ناسنامەی منداڵەکە ئاشکرا بکرێت، هەروەها 'مافی ژیانی تایبەتی'[٥٧]

[57] Right to Privacy.

بە مـانـای ئەوە دێـت؛ دەبێـت دۆســـیيەکانی دادگا و تۆمـارەکانی منداڵان، جگە لەوانەی ڕاســـتەوخۆ بەشـــدارییان لە لێکۆڵینەوە و دادخوازییەکان کردووە و بڕیار لە سـەر پەڕاوەکە دەدەن، بۆ لایەنی سێیەم تەواو نهێنیی و داخراو بهێڵدرێنەوە

٦٨. دەبێت ڕاپۆرتی پەڕاوە یاسـاییەکانی پەیوەسـت بە منداڵان نەناسـراو بهێڵدرێنەوە، هەروەها دەبێت ئەو ڕاپۆرتانەی لە سـەرهێڵ دانراون، پەیوەستی ئەم یاسایانە بن.

٦٩. کۆمیتەکە پێشـــنیـار بۆ دەوڵەتـان دەکـات، لە تۆمـاری فەرمیی تۆمەتباراندا، وردەکاریی ئەو منداڵ یان کەســـەی لە ســـاتی ئەنجـامـدانی تـاوانەکەدا مـنـداڵ بـووە، تـۆمـار نەکـات. لەگەڵ ئەمەشـــدا هیچ وردەکارییەکی تر لە تۆمـارە نـافەرمییەکانـدا تۆمـار نەکـات، ئەمەش بۆ ئەوەی گیروگـازی کۆمەڵایەتیبوونەوە بۆ ئەو کەسـە چێ نەبێت.

٧٠. لە ڕوانگەی کۆمیتەکەوە، دەبێت پاراستنی هەتاهەتایی بۆ ئەو بڵاوکراوانەی گرێدراوی تاوانەکانی منداڵانن، هەبێت. پاساویش بۆ یاســـای بڵاونەکردنەوە و بەردەوامیشـــی پاش ئەوەی منداڵەکە

دەگاتە تەمەنی ١٨ ســـاڵی، ئەوەیە، کە بڵاوکراوەکە دەبێتە هۆی بەردەوامی بەدناوکردن، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ دەخاتە سەر دەســـتڕاگەیشـــتن بە پەروەردە و کار و ماڵ و ســـەلامەتیی، ئەمە لەمپەری دووبارە ســـەقامگیرکردنەوە و گریمانەی ڕۆڵێکی بنیاتنەری منداڵەکەیە لە کۆمەڵگەدا. ســـا بۆیە پێویســـتە دەوڵەتانی ئەندام دڵنیا بن کە یاســـای گشـــتیی پاراســـتنی ژیانی تایبەتیی هەتاهەتایی، گرێدراوی تێکڕای جۆرەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

٧١. هەروەتر، کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا یاسـاکانی ڕێدان بە سـڕینەوەی تۆماری تاوانی منداڵان، بناسـێنن، ئەمەش کاتێک خۆڕسکانە دەگەنە تەمەنی ١٨ ساڵیی یان لە ڕەوشە ئاوارتەکاندا، جا پاش پێداچوونەوەیەکی سەربەخۆیانە.

## ج. ڕێوشوێنەکان

### لادانەکان بە درێژایی دادخوازییەکان

٧٢. بڕیاری هێنانەناوەوەی منداڵێک بۆ ناو سیستمی دادپەروەریی، مانای ئەوە نادات مەرج بێت منداڵەکە بە پڕۆسەیەکی فەرمیی دادگادا تێپەڕێت. ئەمەش بە ڕێککەوتن لە خۆبواردنەکانی بەشی پێنجەم (ب)دا باس کراون، کۆمیتەکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، دەبێت دەستەڵاتی زۆربەی دەوڵەتان، لە ئەگەری دوورکەوتنەوە لە پڕۆسەی دادگا و تاوانبارکردن، لە ڕێی داواکاری گشتییەوە بەردەوامیی بە گەڕان لە پڕۆسەی دادگا یان تاوانبارکردن بدات، ئەمەش لە ڕێی لادان و ڕێوشوێنەکانی ترەوە. بە واتایەکی تر، دەبێت بژاردەی لادان لە سەرەتاییترین کاتی پەیوەندییدا بخرێتە ڕوو، دەبێت بە درێژایی پڕۆسەی دادخوازییەکان و پێش دەستپێکی دادگایی بەردەست بێت. پێویستە لە پڕۆسەی پێشکەشکردنی لادان ڕێزی تەواوەتیی مافی مرۆڤ و پاراستنی یاسایی منداڵەکە بگیرێت، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی پێویستی زۆری سرووشتی لادان و ماوەی ڕێوشوێنەکانی لادان و هاوکاری یاسایی یان ئەو هاوکارییەی ڕەنگە پێویست بێت. دەبێت لادان وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵپەساردنی

پرۆسەی فەرمیی دادگا پێشکەش بە منداڵەکە بکرێت، ئەمەش لە کاتێکدا کە پرۆگرامی لادان بە شێوازێکی تەواو و باش جێبەجێ بکرێت، ئینجا پرۆسەکە کۆتایی پێ بهێنرێت.

## ڕاگواستن لەلایەن دادگای دادپەروەریی منداڵەوە

٧٣. پاش بەجێهێنانی دادخوازییەکە و بە ڕێککەوتنی تەواو لەگەڵ مادەی ٤٠ی پەیماننامەکە (بڕوانە بەشی چوارەم-ت لە سەرەوە) بڕیاری ڕاگوستن جێبەجێ دەکرێت. دەبێت یاساکان جیاوازییەکی بەرفراوان لە 'ڕێوشوێنی نادەستبەسەریی'[٥٨] بگرنەوە، هەروەها دەبێت بە ئاشکرا پێشڕەوێتیی بە بەکارهێنانی ئەو ڕێوشوێنانە بدەن، ئەمە بۆ دڵنیایی لەوەی بێبەشکردنی ئازادیی تەنیا ئەو کاتە بەکار بێت کە وەک دوایین ڕێچار ماوەتەوە و دەبێت کەمترین کاتی پێ بچێت.

٧٤. مەودایەکی فراوانی ئەزموون و بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی نادەستبەسەریی هەن، لەوانەش؛

[58] Non-Custodial Measures.

ڕێوشـوێنەکانی دادپەروەریی ئاشـتەوایی. پێویسـتە دەوڵەتانی ئەندام ســوود لەو ئەزموونە وەربگرن و گەشــەیان پێ بدەن و جێبەجێیان بکەن، ئەمەش بە گونجاندنیان لەگەڵ نەریت و کەلتووری خۆیان. دەبێت ئەو ڕێوشـوێنانەی دەبنە هۆی کاری ناچاریی و ئەشـکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە و کەرامەتشـکێنیی، بە ئاشـکرا ڕێبەند بکرێن و سزایان بخرێتە سەر.

٧٥. کۆمیتەکە دووپاتی دەکاتەوە، کە ســزای جەســتەیی، بە واتای پێشـێلکردنی مادەی (٣٧-آ)ــی پەیماننامەکە دێت، کە تێیدا ڕێ لە هەموو ســزا و شــێوازێکی مـامەڵەی ڕەق و نـامرۆڤـانە و ســوکایەتیپێکەر دەگرێت (بڕوانە ڕاســپاردەی گشــتیی کۆمیتەکە، ژمارە ٨ــی سـاڵی ٢٠٠٦)، لەمەڕ مافی منداڵ بۆ پاراستنی لە سزای جەستەیی یان شێوەکانی دیکەی سزای توند و سووکایەتیپێکەر.

٧٦. کۆمیتەکە دووپـاتی ئەوە دەکـاتەوە، دەبێـت کـاردانەوەی تاوانەکان هەمیشــە گونجاو بێت، ئەمەش نەک تەنها بۆ هەلومەرج و قورسایی تاوانەکان، بەڵکوو بۆ هەلومەرجە کەسییەکانیش، وەک (تەمەن و تاوانی سـووک و هەلومەرج و پێویسـتییەکان، لەوانەش؛ ئەگەر گونجاو بوو، پێوسـتییە دەروونرووسـتییەکانی منداڵەکە)،

هەروەهـا بۆ پێویســتییە جۆراوجۆر و تـایبەتییە درێژمـاوەکـانی کۆمەڵگە. ڕێبازی توندی سـزادەرانە لەگەڵ ڕێکارەکانی دادپەروەریی منـدالْ جـووت نـایەتەوە، ئەمەش لە مـادەی (٤٠-١)ـــــی پەیماننامەکەدا هاتووە. کاتێک منداڵ تاوانێکی مەترسیداری نواند، ئەوا بەپێی بارودۆخی تاوانبارەکە و قورسایی تاوانەکە، ڕێوشوێنەکان ڕەچاو دەکرێن، لەوانەش: ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی سەلامەتیی گشـتیی و سـزاکان، هەروەها دەبێت گرنگیی بە بەرژەوەندییەکانی منداڵان بـدرێـت، ئەمە ڕەچـاوکردنێکی سـەرەتـایی و پەرەدانە بە تێکەڵبوونەوەی منداڵەکە بە کۆمەڵگە.

٧٧. بۆ ناسینەوەی ئەو زیانانەی بەهۆی بێبەشکردنی ئازادیی و کاریگەرییە خراپەکانی سـەر سـەرکەوتنیان بۆ تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگە، بەر منـداڵان و پێگەشـتووان دەکەون، کۆمیتەکە پێشـنیـار بۆ دەوڵەتـانی ئەنـدام دەکـات، زۆرترین سـزا بۆ ئەو منـداڵانەی تۆمەتبـاری ئەو تـاوانـانەن وا ڕەنگـدانەوەی بنەمـای 'کورتترین گونجـاوێتیی مـاوەی کـات'ـــن، دابنێن. (پەیمـاننـامەی مافەکانی منداڵ، مادەی ٣٧-ب)

٧٨. کەمترین سزای پێویست لەگەڵ ڕێکارەکانی دادپەروەریی منداڵ یەک ناگرێتەوە، هەروەها پێویستە داواکاریی دەستبەسەرکردن وەک دوایین ڕێوشوێن بۆ کەمترین ماوەی کاتی گونجاو بەکار بێت. دادگا بە دەستپێکێکی نوێوە سزای منداڵ دەدات؛ تەنانەت ڕژێمەکانی کەمترین سزا ڕێ لە بەکارهێنانی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان دەگرن.

## قەدەغەکردنی سزای لەسێدارەدان

٧٩. مادەی (٣٧-آ)ی پەیماننامەکە ڕەنگدانەوەی ئەو یاسا نێودەوڵەتییە نەریتییەیە وا لەمپەر بۆ سەپاندنی سزای سێدارەی ئەو تاوانانەی کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ ئەنجامی دەدەن، دەسازێنێ، هەندێک لە دەوڵەتە ئەندامەکان پێیان وایە، ئەم یاسایە تەنها لەسێدارەدانی ئەو کەسانە ڕێبەند دەکات وا لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوەن، بەڵام دەوڵەتانی دی سزای سێدارە بۆ تەمەنی ١٨ ساڵیی دوا دەخەن. هەروەتر، کۆمیتەکە دووپاتی دەکاتەوە، کە پێوەری ئاشکراو و یەکلاکەرەوە، ئەو تەمەنەیە وا تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، جا ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و یەکلاکەرەوە

نەبوو، کە کاتی تاوانەکە، کەسەکە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بووە، ئەوا کەسەکە سوود لەو گومانبردنە دەبینێت و نابێت سزای سێدارەی بەسەردا بسەپێنرێت.

٨٠. کۆمیتەکە داوا لەو دەوڵەتە ئەندامانانە دەکات کە هێشتا سزای سێدارەیان بۆ ئەو تاوانانە هەڵنەوەشاندووتەوە وا کەسانی خوار ١٨ ساڵ ئەنجامیان داوە، ئەمەش بە خێرایی و بێ جیاوازیی. دەبێت سوککردنی سزای سێدارەی ئەو کەسانەی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە، تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە، سەرومڕ لەگەڵ پەیماننامەکە بگونجێت.

## هیچ زیندانییەکی هەتاهەتایی لەگۆڕێ نییە.

٨١. نابێت ئەو منداڵەی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بووە، سزای زیندانیی هەتاهەتیی و دوور لە ئەگەری ئازادیی، بەسەردا بسەپێنرێت. دەبێت ئەو ماوەیەی بۆ ڕەچاوکردنی ئازادیی منداڵ پێشکەش دەکرێت، کورتتر بێت لەو ماوەیەی دەدرێت بە پێگەشتووان، پێویستە ڕاستەقینە بێت و بە شێوەیەکی

ڕێکوپێـک ڕەچـاوی ئەگەری ئـازادیی بکرێـت. کۆمیتەکە وەبیر دەوڵەتانی ئەندام دەهێنێتەوە، کە بە ئەگەری ئازادیی و ڕزگاربوون، ســزای زیندانیی هەتاهەتایی بە ســەر منداڵاندا دەدەن، دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەم سزایەدا، هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی مادەی (٤٠-١)ــــی پەیماننامەکە بدەن. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ئەو منداڵەی ســزای زیندانیی هەتاهەتایی بە ســەردا دەســەپێنرێت، پەروەردە و چارەســەر و چاودێریی پێ بدرێت، ئەمەش بە ئامانجی ئـازادبوون و تێکەڵبوونەوە، هەروەتر توانـای ڕۆڵێکی بنیـاتنەری لەکۆمەڵگەدا هەبێـت، ئەمەش پێویســتی بە پێـداچوونەوەی ڕێکوپێکی گەشــە و پەرەســەندنی منداڵەکەیە بۆ ئەوەی بڕیار لە ئەگەری ئـازادبوونی بـدرێت. ئەگەر ئەو زینـدانییە هەتـاهەتـاییەش ئەگەری ئـامـانجی دووبـارەتێکەڵبوونەوە نەکردەنیی نەکـاتەوە، ئەوا زۆر قورســی دەکات. کۆمیتەکە بە تێبینیکردنی ڕاپۆرتی ٢٠١٥، کە ڕاپۆرتی تـایبەتە بە ئەشــکەنجە و مـامەڵەی ڕەق و نـامرۆڤـانە و ســووکـایەتیپێکەر و ســزادان، ئەوە دەردەخـات، کە زینـدانی هەتاهەتایی و ســزای دوورودرێژ، لەوانەش: زیندانی یەک لەدوای یەک، بە تەواویی لەگەڵ پەیماننامەکە ناگونجێن، بۆیەش ســزای مامەڵەی ڕەق و نامرۆڤانە و سووکایەتیپێکەر بە سەر منداڵەکەدا

دەســـەپێنن، کۆمیتەکە بە پێـداگرییەوە پێشـــنیـار بۆ دەوڵەتـانی ئەنـدام دەکـات، تـا هەموو شـــێوەکـانی زینـدانی هەتـاهەتـایی هەڵوەشـێننەوە، لەوانەش؛ سـزا یەکلاییـنەکراوەکان بۆ هەموو ئەو تاوانانەی وا کەسانی خوار ١٨ ساڵیی ئەنجامیان داون.

## چ. بێبەشکردنی ئازادیی، دەستبەسەرکردنی پێش دادگایی و زیندانیی دوای دادگایی دەگرێتەوە.

٨٢. مـادەی ٣٧ـــــی پەیمـانـنـامەکە کۆمەڵێـک ڕێکاری گرنگی بێبەشـــکردنی ئـازادیی و مـافە ســـەرەتـاییەکانی ئەو منـداڵانەی لە ئازادیی بێبەش کراون، دەگرێتەوە، هەروەها ئەو بڕگانەی گرێدراوی مـامەڵە و چـارەســـەری دۆخی ئەو منـداڵانەن وا لە ئـازادیی بێبەش کراون. کۆمیتەکە ســـەرنجی دەوڵەتـانی ئەنـدام بۆ ڕاپۆرتی تـایبەتیی ٢٠١٨ لەمەڕ مافی هەمووان بۆ بەدەســـتهێنانی بەرزترین پێودانگی مانەوەی تەندرووسـتیی جەسـتەیی و دەروونیی ڕادەکێشـێت، لێرەدا ڕاپۆرتەکە تێبینیی دەکـات کە پێوەر و ئەنـدازەی ئـازارچەشـــتنی منـداڵان بۆ دەســـتبەســـەرکردن و زینـدانیی، پێویســـتیی بە پابەندبوونێکی جیهانییە بۆ هەڵوەشـــاندنەوەی زیندانیی منداڵان و

دامەزراوە گەورەکانی چاودێریی، هەروەها وەبەرهێنانی مەزن لە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە.

٨٣. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام دەستبەجێ و بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دەستبەسەرکردن بۆ کەمترین ئاست، دەست بە پرۆسەیەک بکەن.

٨٤. نابێت هیچ شتێک لەم ڕاسپاردە گشتییەدا وەک برەودان و پاڵپشتیی بێبەشکردنی ئازادیی دابنرێت، بەڵکوو ڕێکار و مەرجی درووست بۆ ئەو کەمینەپەڕاوانەی وا تێیدا بێبەشکردنی ئازادیی بە پێویست دادەنرێت، فەراهەم بکات.

## ڕێکارە سەرەکییەکان

٨٥. ڕێکارە سەرەکییەکانی بێبەشکردنی ئازادیی ئەمانەن: (ا) دەبێت دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردن یان زیندانیی منداڵێک، تەنها بەپێی گونجان لەگەڵ یاسادا بەکار بێت، ئەویش وەک دوایین ڕێوشوێن و بۆ ماوەیەکی کاتیی زۆر کورت، (ب) نابێت هیچ منداڵێک بە نایاسایی و هەڕەمەکیی لە ئازادیی بێبەش بکرێت،

دەستگیرکردنیش زۆربەی کات، خاڵی دەستپێکی دەستبەسەرکردنی پێش دادگاییە، دەبێت دەوڵەتان دڵنیایی بدەن کە یاسا پابەندییەکی ڕوون و ئاشکرا لە سەر ئەفسەرانی یاساسەپێن، بۆ جێبەجێکردنی مـادەی ٣٧ـــی چوارچێوەی دەســتگیرکردن دادەنێت، گەرەکە دەوڵەتـان دڵنیـایی زیـاتر بـدەن کە جگە لە دوایین ڕێوشـــوێن و بۆ مـاوەیەکی کـاتیی زۆر کورت، منـداڵان لە یەکەکـانی گواســتنەوە و پۆلیسـدا نامێننەوە، هەروەتر دڵنیایی ئەوەی لەگەڵ پێگەشـتووانـدا نامێننەوە، تەنها لەو ڕەوشـــانەدا نەبێت کە لە بەرژەوەندیی ئەوانە، پێویستە مافی لەپێشینە بدرێتە ڕێکارەکانی ئازادکردنی خێرای دایباب و پێگەشتووان.

٨٦. لە زۆربەی وڵاتـانـدا، کۆمیتەکە پاش چەنـد مـانگێك یـان چەند سـاڵێک لە دەستبەسەرکردنی پێش دادگایی، بە نیگەرانییەوە تـێـبـیـنـیـی لاوازبـوونی مـنـداڵان دەکـات، ئەمەش دەبـێـتە هـۆی پێشـــێلکارییەکی مەزنی مادەی (٣٧-ب)ـــی پەیماننامەکە. نابێت دەســتبەســەرکردنی پێشدادگایی بەکار بێت، مەگەر لە پەڕاوە زۆر گرنگەکـانـدا نەبێت، ئەمەش پـاش ئەوەی ڕەچـاوی وردی شـــوێنی کۆمەڵگە دەکرێـت. لادان لە قۆنـاغی پێشدادگـایی، بەکـارهێنـانی دەســتبەســەرکردن دادەکشـێنێ، بەڵام تەنانەت لەو کاتەشـی وا

منداڵەکە لە سیستمی دادپەروەریی منداڵدا دادگایی دەکرێت، دەبێت ڕێوشوێنە نانەریتییەکان بە وریاییەوە ئامانجی سنووردارکردنی دەستبەسەرکردنی پێش‌دادگایی بێت.

٨٧. پێویستە یاسا بە ڕوونیی پێوەرەکانی دەستبەسەرکردنی پێش‌دادگایی دابنێت، ئامانجی بنەڕەتیی ئەمەش، دڵنیایی ئامادەیی منداڵەکەیە لە دادخوازییەکانی دادگا، ئەمە ئەگەر منداڵەکە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر ئەوانی دی هەبێت. ئەگەر منداڵەکە بە مەترسیی بۆ سەر خۆی یان کەسانی تر دابنرێت، ئەوا دەبێت ڕێوشوێنەکانی پاراستنی منداڵ جێبەجێ بکرێن. دەبێت پێداچوونەوە بە دەستبەسەرکردنی پێش‌دادگایی بکرێت و یاسا ماوەکەی سنوورمەند بکات. گەرەکە سەرپاکی بکەرەکانی سیستمی دادپەروەریی منداڵ، مافی لە پێشینەی دەستبەسەرکردنی پێش‌دادگایی بدەنە پەڕاوەکانی منداڵان.

٨٨. پێویستە بێبەشکردنی ئازادیی لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکاندا، بۆ کەمترین کاتی گونجاو بسەپێنرێت، دەبێت دەوڵەتانی ئەندام دەرفەتی ڕێگەدان بە ئازادیی پێشوەختی دەستبەسەرکردن دابین بکەن، لەوانەش: چاودێریی پۆلیس بۆ

چاودێریی دایباب و کەسانی پێگەشتووی تر، گەرەکە بە ڕوونیی ئازادیی بەبێ بوون و نەبوونی هیچ مەرجێک لەگۆڕێ بێت، وەک ڕاپۆرتدان بە کەسێکی دەسەڵاتدار یان شوێنێک. و نابێت داوای بژاردن بکرێت، چونکە زۆربەی منداڵان ناتوانن پارە بدەن و دەبیتە هۆی جیاکاریی دژ بە خێزانە دەستکورت و پەراوێزخراوەکان. هەروەتر، کاتێک دەبژێردرێتەوە، ئەوا مانای دانپێدانانە بەو ڕێکارەی دادگا کە دەبێت منداڵەکە ئازاد بکرێت و دەتوانرێت ڕێکاری دیکە بۆ پاراستنی ئامادەبوون بەکار بێت.

## مافە بنەڕەتییەکان، مادەی (٣٧-ت)

٨٩. هەر منداڵێک لە ئازادیی بێبەش کرابێت، ئەوا مافی دەستگەشتن بە هاوکاریی یاسایی یان هەر هاوکارییەکی تری هەیە، هەروەها لە پێش دادگا یان دەسەڵاتێکی تری سەربەخۆ و بێلایەن و لێهاتووی تر، مافی بەرەنگاربوونەوەی یاساییبوونی بێبەشکردنی ئازادییەکەی هەیە، هەروەتر بۆ هەر بڕیارێکی خێرای هەر کارێکی لەم ڕەنگە. کۆمیتەکە پێشنیار دەکات نابێت هیچ منداڵێک لە ئازادیی بێبەش بکرێت، مەگەر نیگەرانییەک لەبارەی سەلامەتیی و

تەندرووســتیی گشــتیی هەبێت. هەروەها هانی دەوڵەتانی ئەندام دەدات تا ســنووری تەمەنی ئەو منداڵانە چاک بکات وا لەوانەیە بە شــێوەیەکی یاســایی لە ئازادیی بێبەش نەکرابن، وەک تەمەنی ١٦ساڵیی.

٩٠. دەبێت هەموو ئەو منداڵانەی دەســتگیر کراون و لە ئازادیی بێبەش کراون، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بهێنرێنە بەردەم دەســەڵات، ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە یاســاییبوونی بێبەشــکردنی ئازادییان و بەردەوامییان لەو بێبەشــکردنە. هەروەها کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا دڵنیایی بدەن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، پێداچوونەوە بە کۆتاییپێهێنانی دەســتبەســەرکردنی پێشدادگایی، دەکرێت. ئەگەر هێنانی منداڵەکە (لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا) ڕێی تێ نەچێت، ئەوا دەبێت منداڵەکە بە شــێوەیەکی فەرمیی بە تاوانەکە تۆمەتبار بکرێت و بهێنرێتە بەردەم دادگا، یان دەسەڵاتی سەربەخۆ و بێلایەن و دامەزراوەی تری یاسایی، ئەمەش بۆ ئەوەی بە زووترین کات مامەڵەی پەڕاوەکەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەنجامەکەی ٣٠ ڕۆژ پاش دەســتبەســەرکردنی پێشدادگایی دەردەچێت. کۆمیتەکە بەئاگاییەوە، لە کرداری دواخستنی دادگا بە چەند جارێک و بۆ ماوەی دووردرێژ، داوا لە دەوڵەتانی ئەندام

دەکات، تا زۆرترین سنوور بۆ ژمارە و ماوەی درێژی دواخستنەکان دابنێن و برگەکانی یاسا و کارگێڕیی بناسێنن، تا دڵنیا ببنەوە دادگا و دەسەڵاتەکانی تر بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە تۆمەتەکان دەدەن، ئەمەش لە ماوەی شەش مانگ و لە بەرواری سەرەتایی دەستبەسەرکردن و شکستهێنانی ئازادکردنی منداڵەکە.

٩١. مافی بەرەنگاربوونەوەی یاساییبوونی بێبەشکردنی ئازادیی تەنها مافی پێداچوونەوەی بڕیارەکانی دادگا ناگرێتەوە، بەڵکوو مافی دەستگەیشتنیش بە دادگایش بۆ پێداچوونەوەی بڕیاری کارگێڕیی (کە لەلایەن پۆلیس و داواکاری گشتیی یان دەسەڵاتی ترەوە دەدرێت)، دەگرێتەوە، دەبێت دەوڵەتانی ئەندام سنووری کاتی کورت بۆ کۆتایهێنان بە پێداچوونەوە و داواکاریی پێداچوونەوەکان دابنێن، تا لە بڕیارە خێراکان دڵنیا ببنەوە، وەک ئەوەی لە پەیماننامەکەدا داوا کراوە.

## مەرج و چارەسەرەکان، مادەی (٣٧-پ)

٩٢. پێویستە هەموو ئەو منداڵانەی لە ئازادیی بێبەش کراون، لە پێگەشــتووان هەڵبوێردرێن، تەنـانەت ئەگەر لە خـانەکانی پۆلیســیشــدا بن. نابێت ئەو منداڵەی لە ئازادیی بێبەش کراوە، لە ناوەند و زینـدانەکانی پێگەشــتوواندا بهێڵرێتەوە، چونکە بەڵگەی ئاشکرا هەن ئەمە باندۆر دەخاتە سەر تەندرووستیی و سەلامەتیی ســەرەتایی و توانای داهاتوویان بۆ ئازادبوون لە تاوانەکانیان و تیکەڵبوونەوەیان. لە مادەی (٣٧-پ)ــی پەیماننامەکەدا 'جیاکاریی ڕێگەپێـدراو'[٥٩] بۆ جیـاکردنەوەی منـداڵان لە پێگەشــتووان بـاس کراوە، بەڵام تا بەرژەوەندیی منداڵەکە ڕەچاو نەکرێت، نـابێت ئەو کارە بکرێت. گەرەکە ئەمەش بە وردیی لێک بدرێتەوە، ســا نابێت بەرژەوەنـدیی دەوڵەتـانی ئەنـدام بە ســەر بەرژەوەنـدیی زارۆکـانـدا زاڵـدەســت بن. هەروەها دەبێت دەوڵەتانی ئەندام دەزگای جیا بۆ ئەو منـداڵانەی لە ئـازادیی بێبەش کـراون، دابنێن، جـا لەلایەن دەســتەیەکی ڕاهێنراوی بـاشــەوە هـاوکاریی کرابن و بەپێی کـار و بەرژەوەندیی دۆستانەی منداڵان ڕادەپەڕێنرێن.

[59] Permitted Exception.

٩٣. یاساکەی سەرێ بە واتای ئەوە نایەت کە ئەو منداڵەی لە ناوەندی منداڵاندا دانراوە، پاش ئەوەی دەگاتە تەمەنی ١٨ ساڵیی، دەستبەجێ بۆ ناوەندی پێگەشتووان بگوازرێتەوە. ئەگەر لە باشیی و بەرژەوەندییان بێت و پێچەوانەی سوود و قازانجییان نەبێت، ئەوا بەردەوامیی بە مانەوەی منداڵەکە لە ناوەندی منداڵان دەدرێت.

٩٤. سەرپاکی ئەو منداڵانەی لە ئازادیی بێبەش کراون، 'مافی مانەوەی پەیوەندیی لەگەڵ خێزان'[60]ـەکانیان هەیە، جا ئەمەش لە ڕێی سەردان و هاوەڵێکەوە. بۆ ئاسانکاریی سەردانەکان، دەبێت منداڵەکە لە ناوەندێکی نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکانیان دابنرێت. دەبێت ئەو هەلومەرجە ئاوارتانەی پەیوەندییان سنووردار دەکەن، بە ڕوونیی لە یاساکەدا باس بکرێن و نابێت بۆ بڕیاری دەسەڵات جێ بهێڵدرێن.

٩٥. کۆمیتەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە پێویستە لە سەرپاکی پەڕاوەکانی بێبەشکردنی ئازادییدا، ڕێکار و یاساکانی داهاتوو ڕەچاو بکرێن، لەوانە:

[60] Right to Maintain Contact with Family.

(ا) 'دەستبەسەرکردنی دابڕاو'[٦١] بۆ کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ؛ ڕێگەپێدراو نییە.

(ب) پێویستە منداڵان ژینگەیەکی بەرجەستە و شوێنی مانەوەیان بۆ دابین بکرێت، ئەمە بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی ئامانجەکانی شوێنی نیشتەجێبوون. پێویستە ڕەچاوی پێویستیی ژیانی تایبەتیی و هەستەکیی و دەرفەتی ڕێککەوتن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان بکرێت، جا ئەمە بۆ بەشداریی لە یاریی و چالاکی جەستەیی و هونەر و چالاکیی کاتی پشوو.

(پ) هەموو منداڵێک 'مافی پەروەردە'[٦٢]ی هەیە، ئەم پەروەردەیەش لەگەڵ پێویستیی و تواناکانی بگونجێت، لەوانەش؛ ڕەچاوکردنی گرتنەئەستۆی تاقیکردنەوەکان و ئامادەکردنیان تا بگەڕێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگە؛ سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر گونجاو بوو، دەبێت هەموو منداڵیک ڕاهێنانی پیشەیی لە پیشەکەیدا پێ بگات، ئەمە ئامادەی دەکات بۆ دەستکەوتنی کار و دامەزراندن لە داهاتوودا.

[61] Incommunicado Detention.
[62] Right to Education.

(ت) هەموو منداڵێک مافی خۆیەتی لەلایەن پزیشــکێک یان شـــارەزایەکی تەندرووســـتییەوە پشـــکنینی بۆ بکرێت، ســـا پاش چوونەژوورەوە بۆ ناوەندی دەستبەسـەرکردن و دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی جەستەیی و دەروونیی لە ماوەی مانەوەی لە ناوەندەکەدا، دەبێت دەزگای تەندرووســـتیی یان خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە ئەمە دەستەبەر بکەن.

(ج) دەبێت ســـتاف و دەزگاکە ئاســـانکاریی بکەن و پەرە بە پەیوەنـدیی بەردەوامی مـنـداڵەکە و کۆمەڵگەی دەرەوە بـدەن، لەوانەش؛ پەیوەنـدیی لەگەڵ خێزان و هـاوڕێ و کەســـانی دی، هەروەهـا نوێنەری ڕێکخراوە دەرەکییە بـاوەڕپێکراوەکان و دەرفەتی ســـەردانی خێزان و ماڵەکانیان. هەروەتر نابێت هیچ کاتێک کۆســـپ بۆ پەیوەنـدیی نهێنیی منـداڵەکە و پـارێزەر یـان یـاریـدەدەرەکەی بسازێنرێت.

(چ) دەســـتبەســـەرکردن و بەکارهێنانی زەبر تەنها لەو کاتانەدا بەکار دێت، کە منداڵەکە نزیکە ببێتە مەترسیی زام و برین بۆ سـەر خۆی یان کەســـانی دی، ئەمەش لە کاتێکدا نەتوانرێت بە هیچ ڕێـگەیەکی تـر مـنـداڵەکە جڵەو بـکـرێـت. هەروەهـا نـابـێـت

دەستبەسەرکردن وەک پاراستنی پابەندیی بەکار بێت و 'ئازاردانی بەئەنقەست'[63] بگرێتەوە. هەروەتر نابێت هەرگیز وەک ئامرازێکی سزادان بەکار بێت. دەبێت بەکارهێنانی زەبر و دەستبەسەرکردن، لەوانەش؛ دەستبەسەرکردنی جەستەیی و هەڕەمەکیی و پزیشکیی و دەرمانخۆریی لە ژێر جڵەوی نزیک و ڕاستەوخۆ و بەردەوامی پزیشکێک یان شارەزایەکی دەروونییدا بێت. هەروەها دەبێت ستافی دەزگاکە ڕاهێنانی پێودانگە کارپێکراوەکانیان پێ بگات و ئەندامی ئەو ستافەی وا زەبر و دەستبەسەرکردن بەکار دێنێت و یاسا و پێودانگەکان پێشێل دەکات، سزا بدرێت. هەروەها دەبێت دەوڵەتان تێکڕای ڕووداوەکانی دەستبەسەرکردن و بەکارهێنانی زەبر تۆمار بکەن و چاودێریی و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن، هەروەتر دڵنیایی بدەن کە بۆ کەمترین ئاست داکشێنراوە.

(ح) پێویستە ڕێوشوێنی سزا لەگەڵ شکۆی کەسەکیی منداڵەکە و ئامانجە بنەڕەتییەکانی چاودێریی ڕێکخراوەیی بگونجێت. دەبێت ڕێوشوێنەکانی سزا لە کاتی پێشێلی مادەی (٣٧)ی پەیماننامەکەدا، بە توندیی ڕێبەند بکرێن، لەوانەش؛ سزادانی

---

[63] Deliberate Infliction.

جەستەیی و دانانیان لە ژوورە تاریکەکان و زیندانی تاکەکەسیی یان هەر سزایەکی تر، ئەمە تەندرووستیی جەستەیی و دەروونیی و باشیی منداڵەکە دەگرێتەوە. هەروەها نابێت ڕێوشوێنی سزا منداڵان لە 'مافە سەرەتاییەکان'[64]یان بێبەش بکات، وەک سەردانی نوێنەری یاسایی و پەیوەندیی خێزانیی و خواردن و ئاو و جلوبەرگ و شوێنی نوستن و پەروەردە و وەرزش و پەیوەندییە گرنگەکان لەگەڵ کەسانی دی.

(خ) نابێت 'زیندانیی تاکەکەسیی'[65] بۆ منداڵ بەکار بهێنرێت. دەبێت هەر جیاکردنەوەیەکی منداڵەکە لە کەسانی دی، بۆ کەمترین کات بێت و تەنها وەک دوایین ڕێوشوێن بەکار بێت، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی منداڵەکە یان کەسانی تری دەوروبەری. هەرکات پێویست بوو منداڵەکە لە کەسانی دیکە جیا بکرێتەوە، ئەوا دەبێت لە بن چاودێریی کارمەندێک یان سەرپەرشتیارێکی ڕاهێنراوی گونجاودا بێت و گەرەکە هۆکار و ماوەی کاتەکە تۆمار بکرێت.

64 Basic Rights.
65 Solitary Confinement.

(د) هەموو منداڵێک 'مافی سکاڵا'[66]ی هەیە، ئەمەش بەبێ چاودێریی ئەندام و ناوەندی کارگێڕیی و دەسەڵاتی دادوەریی و هەر دەسەڵاتێکی سەربەخۆی تر، ئەمە بۆ ئەوەی بەبێ دواخستنی وەڵامەکان ئاگادار بکرێتەوە. پێویستە منداڵان مافی خۆیان بزانن، سا بزانن کە دەتوانن بە ئاسانیی دەستیان بە داوا و میکانیزمی سکاڵاکردندا ڕادەگات.

(ر) پێویستە دەسەڵات بدرێتە پشکنەرە بەتوانا و سەربەخۆکان، ئەمەش لەپێناو پشکنینێکی ڕاستەوپاستە و پشکنینە ڕانەگەیندراوەکان بەپێی دەستپێشخەریی خۆیان، هەروەها دەبێت لە چوارچێوەیەکی نهێنییدا دووپاتی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانی نێو دەزگاکان بکەنەوە.

(ڕ) پێویستە دەوڵەتانی ئەندام دڵنیایی بدەن کە هیچ هاندەرێک بۆ بێبەشکردنی منداڵان لە ئازادییان لە ئارا نییە، هەروەتر هیچ دەرفەتێکی گەندەڵیی سەبارەت بە ڕێکخستن یان بڕگەکانی شتومەک و خزمەتگوزاریی یان پەیوەندیی لەگەڵ خێزانەکان، لەگۆڕێ نییە.

[66] Right to make Complaint.

## ح. کێشە تایبەتییەکان

### دادگای سەربازیی و دادگای ئاسایشی دەوڵەت

٩٦. تێڕوانینێکی باو هەیە کە گوایە دادگایی هاووڵاتییانی مەدەنیی لەلایەن 'دادگای سەربازیی'[67] و 'دادگای ئاسایشی دەوڵەت'[68]ـەوە، پێشێلی مافەکان دەکات تا دادگایەکی دادپەروەرانە بکرێت، جا ئەمە دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و لێهاتوو پێی هەڵدەستێ، ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە پێشێلی مافەکانی منداڵەوە هەیە، دەبێت هەمیشە بە سیستمێکی تایبەتی دادوەریی منداڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها کۆمیتەکە لە چەند تێبینییەکدا، نیگەرانییەکانی خۆی دەربارەی ئەمە، خستووەتە ڕوو.

67 Military Court.
68 State Security Court.

**ئەو منداڵانەی بەئەندام کراون و لەلایەن گرووپی چەکداریی نادەوڵەتییەوە بەکارهێنراون، لەوانەش: ئەو منداڵانەی وەک گرووپی تیرۆرستیی ڕێک خراون و ئەوانەشی لە چوارچێوەی دژەتیرۆردا تۆمەتبارکراون.**

٩٧. نەتەوەیەکگرتووەکان پشتڕاستی چەندان ڕەوشی بەئەندامکردن و خراپبەکارهێنانی منداڵانی لەلایەن گرووپی چەکداریی نادەوڵەتییەوە کردووەتەوە، لەوانەش: ئەو منداڵانەی وەک گرووپی تیرۆرستیی ڕێک خراون، ئەمە نەک تەنها لە ناوچە ناکۆکەکان، بەڵکوو لە ناوچە سەقامگیرەکانیشدا، وەک وڵاتی منداڵەکان خۆیان و ئەو وڵاتەی لێی ڕادەگوازرێن و دەگەڕێنرێنەوە.

٩٨. کاتێک منداڵان لە ژێر جڵەوی ئەو گرووپانەدان، ئەوا لەوانەیە ببنە قوربانیی چەندان شێوازی توندوتیژیی، لەوانەش: سەربازگیریی، ڕاهێنانی سەربازیی و بەکارهێنانیان لە دژبەریی و کردەی تیرۆرستییدا، بۆ نموونە: هێرشی خۆکوژیی: بەکارهێنانیان بۆ بەجێگەیاندنی کردەی لەسێدارەدان؛ بەکارهێنانیان وەک 'قەڵغانی مرۆیی'[٦٩] و 'ڕفاندن'[٧٠] و فرۆشتن و بازرگانییپێوەکردن؛

[69] Human Shield.
[70] Abduction.

چەوساندنەوەی زایەندیی، هاوژیانیی پێشـوەختە؛ بەکارهێنانیان بۆ گواسـتنەوە و فرۆشـتنی دەرمان؛ خراپبەکارهێنانیان بۆ بەجێهێنانی ئەرکە مەترسـیدارەکانی وەک: سـیخوڕیی و چاودێریی و پاسـەوانیی بـازگەکـان و ئێشــکگیریی و گواســتنەوەی کەلوپەلی ســەربـازیی. هەروەها ئەوەش ڕاگەیەندراوە، کە گرووپی چەکداریی نادەوڵەتیی و ئەوانەی وەک گرووپی تیرۆرستی ناسێنراون، منداڵان ناچار دەکەن، تـا تونـدوتیژیی دژی خێزان و کۆمەڵگەکەی خۆیـان بنوێنن، ئەمەش بۆ پێشــانـدانی وەفـاداریی و هیوابڕاوییـان لە پەیمـانشــکـانـدنی داهاتوویان.

٩٩. مـامەڵە لەگەڵ ئەو منـداڵانەدا، دەســەڵاتی دەوڵەتـانی ئەنـدام ڕووبەڕووی کۆمەڵێـک ئـاڵەنگاریی دەکاتەوە. هەنـدێـک لە دەوڵەتـانی ئەنـدام، بەبێ ڕەچـاوکردنی مـافەکانی منـداڵ، ڕێبـازێکی ســزادەرانە بەکار دەهێنن، ئەمە باندۆریکی نەرێنیی دەخاتە ســەر دەرەنجامە بەردەوامەکانی گەشــەســەندنی منداڵان ســەبارەت بە دەرفەتی دووبـارە 'تێکەڵابوونەوەی کۆمەڵایەتیی'،[٧١] ڕەنگە ئەمە دەرەنجامی مەترسـیداری بۆ تێکڕای کۆمەڵگە هەبێت. زۆر جار ئەم

[71] Social Reintegration.

منداڵانە دەستگیر و دەستبەسەر دەکرێن و سێدارە و دادگاییان بۆ دەبرِدرێتەوە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو کارانەی لە ناوچە ناکۆکەکان و وڵاتی خۆیان یان ئەو وڵاتەی لێی دەگەڕێنەوە، نواندوویانە.

١٠٠. کۆمیتەکە سەرنجی دەوڵەتانی ئەندام بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ژمارە ٢٤٢٧ی ساڵی ٢٠١٨ ڕادەکێشێت. لە بڕیارەکەدا، ئەنجوومەنەکە گرنگیی بە پێویستیی دامەزراندنی پێودانگێکی بەڕێوەبردنی ڕێکارەکان دەدات، ئەمەش بۆ ڕاگواستنی خێرای ئەو منداڵانەی پەیوەندییان هەیە یان ناو براون بەوەی پەیوەندییان بە گرووپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکانەوە هەیە، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی بەشداریی کردەی تیرۆرستییان بەرانبەر پارێزەرانی پاراستنی منداڵ نواندووە. ئەنجوومەنەکە دووپاتی دەکاتەوە، دەبێت ئەو منداڵانەی ئەندامی هێز و گرووپە سەربازییەکانن و بە پێشێلکاریی یاسا نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان تۆمەتبار کراون و گوایە لە پێکدادانە چەکدارییەکاندا بەشداریی تاوانیان کردووە، وەک قوربانیی پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. هەروەها ئەنجوومەنەکە داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات، وەک جێگرەوەیەک، ڕێوشوێنە

نادادگەرییەکان بۆ سـێدارە و دەسـتبەسـەرکردن دابنێن، ئەمە سەرنجی لە سەر دووبارە تێکەڵبوونەوەیە و داوایان لێ دەکات کار بە پرۆسـەکە بکەن، ئەمە سـەرپاکی ئەو منداڵانە دەگرێتەوە وا بە هـۆکاری پەیـوەنـدیی لەگەڵ گـرووپ و هـێزە چەکـدارەکـان، دەستبەسەر کراون.

١٠١. پێویسـتە دەوڵەتانی ئەندام، دڵنیایی بدەن کە هەموو ئەو منـداڵانە تۆمەتبـاری تـاوانن، جـا بێ گوێـدانە 'قورسـایی تـاوان'[٧٢]ـەکە یان بارودۆخەکە و بەپێی مادەی ٣٧ و ٤٠ـی پەیمـاننـامەکە، مـامەڵەیـان لەگەڵ دەکرێـت، سـا دەبێـت لە تۆمەتبـارکردن و دادگـایی بەهۆی دەربڕینی بیروڕا یـان پەیوەنـدیی لەگەڵ گـرووپە چەکـدارە نـادەوڵەتـییەکـان، دوور بـخـرێـنەوە. لەوانەش؛ ئەوانەی وەک گرووپی تیرۆرسـتیی دەسـتنیشـان کراون. بەپێی بەندی ٨٨ـی ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٠، کۆمیتەکە زیاتر پێشـنیاری ئەوە دەکات، بۆ چارەسـەری فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکـارە بنەڕەتییەکـان و ڕێوشـوێنی تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتیی، دەوڵەتانی ئەندام بەر بە دەسـتێوەردان بگرن، بۆ نموونە؛ لە کاتی

---

[72] Gravity of Crime.

جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی پەیوەست بە دژەتیرۆر، وەک بڕیارەکانی ١٣٧٣ (٢٠٠١)، ٢١٧٨ (٢٠١٤)، ٢٣٩٦ (٢٠١٧)، ٢٤٢٧ (٢٠١٨) و بڕیاری ئەنجوومەنی گشتیی ٢٨٤/٧٢، بە تایبەتیی ڕاسپاردەکانی بەندی ١٨.

## شێوازەکانی دادپەروەریی نەریتیی و ڕەسەن و نادەوڵەتیی

١٠٢. زۆرێک لە منداڵان پەیوەندیی بە سیستمی دادپەروەریی فرەییەوە دەکەن، ئەمە هاوتەریبانە یان لە پەراوێزی سیستمی دادپەروەریی فەرمییدا کار دەکات. ئەمەش دەکرێت سیستمی دادپەروەریی نەریتیی و خێڵەکیی و ڕەسەن یان سیستمی دادپەروەریی تر بگرێتەوە. ڕەنگە ئەمانە لە چاو ڕێکارە فەرمییەکان بەردەست و بەسوودتر بن، بە شێوەیەک، ڕێچارەکانیان بەپێی گونجاویی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانە. ئەم سیستمانە دەتوانن وەک جێگرەوەیەکی دادخوازییە فەرمییەکانی دژ بە منداڵان خزمەت بکەن و بە باشیی بەشداریی لە گۆڕینی هەڵوێستی کەلتووریی منداڵان و دادپەروەریی بکەن.

١٠٣. کۆدەنگییەک لەبارەی چاکسازیی پرۆگرامەکانی کەرتی دادپەروەریی هەیە و دەبێت بۆ ئەو جۆرە سیستمانە بەردەست بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری گرژیی نێوان دادپەروەریی دەوڵەت و نادەوڵەتیی، ئەمەش سەرەڕای نیگەرانیی لەمەڕ مافە سەرەتاییەکان و مەترسیی جیاکاریی و پەراوێزخستن، هەروەها دەبێت لە قۆناغەکاندا برەو بە چاکسازییەکان بدرێت، ئەمە بە ڕێگەیەک، کە تێگەشتنی تەواوەتیی لە سیستمی بەراوردکاریی پەیوەندییدار بگرێتەوە، ئەمەش بۆ هەموو لایەنە پەیوەندییدارەکان پەسەند کراوە. هەروەها دەبێت پرۆسە و دەرەنجامەکانی دادپەروەریی نەریتیی و یاسای دەستووریی و دەستەبەرییە یاسایی و سەرەتاییەکان لەگەڵ یەک بگونجێنرێن. کاتێک منداڵەکان تاوانی هاوشێوە ئەنجام دەدەن و لە سیستمی هاوتەریب و دادگاکاندا بە شێوەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوا گرنگە جیاکاریی نادادپەروەرانە ڕوو نەدات.

١٠٤. دەبێت بنەماکانی پەیماننامەکە بچێتە نێو هەموو ئەو میکانیزمە دادپەروەرییانەی مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا دەکەن، هەروەها دەوڵەتانی ئەندام دەبێت دڵنیایی بدەن لەوەی پەیماننامەکە ناسراوە و جێبەجێ کراوە. زۆربەی جار وەڵامەکانی

دادپەروەریی ئاشـــتەوایی لە ڕێی ســـیســـتمی دادپەروەریی نەریتیی و ڕەســـەن و نادەوڵەتییەوە بەدەســـت دێن و دەشـــێت دەرفەت بۆ فێربوونی ســیســتمی فەرمیی دادپەروەریی منداڵ دەســتەبەر بکەن. هەروەتر، تێگەشـــتنی بەم ڕەنگە لە ســـیســـتمی دادپەروەریی، بەشـــداری ڕێزنواندنی زیاتر لە نەریت و کۆمەڵگە ڕەســـەنەکان دەکات، جا ئەمە لە بەرژەوەندیی منداڵە خۆجێییەکانە. گەرەکە چاکسازیی و ستراتیژ و دەستێوەردانەکان بەپێی چێوەیەکی تایبەت چێوەمەند بکرێن. پرۆســـەکەش دەبێت لەلایەن بکەرە نیشتمانییەکانەوە ڕاپەڕێنرێت.

## پێنجەم.  ڕێکخستنی سیستمی دادپەروەریی منداڵ

١٠٥. بۆ ئەوەی دڵنیایی بدرێت لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەو ڕێکار و مافانەی وا لە بەندەکانی پێشوودا بەرباس دران، ئەوا گرنگە ڕێکخراوێکی کاریگەر بۆ ڕاپەڕاندنی دادپەروەریی منداڵ دابمەزرێنرێت.

١٠٦. سیستمێکی دادپەروەریی گشتگیری منداڵ، پێویستی بە دامەزراندنی یەکەی لێهاتووی پۆلیس و دادگەریی و سیستمی دادگا و نووسینگەی داواکاری گشتیی و داکۆکییکاری لێهاتوو یان نوێنەرانی تر هەیە، جا ئەمانە هاوکاری یاسایی یان هەر هاوکارییەکی تر بۆ منداڵەکە دابین دەکەن.

١٠٧. کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا دادگاکانی دادپەروەریی منداڵ دامەزرێنن، سا وەک یەکەیەکی سەربەخۆ یان بەشێک لە دادگا، جا کاتێک ئەمە لەبەر هەندێک هۆکاری کردەیی ڕێی تێ ناچێت، ئەوا دەبێت دەوڵەتانی ئەندام

دڵنیایی لە پاڵاوتنی دادوەرە لێهاتووەکان بدەن، ئەمەش بۆ ڕاپەڕاندنی پەڕاوەکانی دادپەروەریی منداڵ.

١٠٨. دەبێت خزمەتگوزاییە تایبەتییەکانی وەک؛ چاودێریی و ڕاوێژ و سەرپەرشتیی، لەگەڵ دەزگایەکی تایبەتیی، پێکەوە دابمەزرێن، بۆ نموونە ناوەندەکانی چارەسەری ڕۆژانە و ئاسانکاریی بچووک بۆ چاودێریی شوێنی نیشتەجێبوون و چارەسەری منداڵان لەلایەن سیستمی دادپەروەریی منداڵەوە، جا لە هەرکوێ پێویست بێت، هەروەها پێویستە بە بەردەوامیی برەو بە ڕێکخستنی کاریگەری دەزگاکان بدرێت، ئەمەش بۆ چالاکیی و یەکە تایبەتمەندەکان و خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییەکان.

١٠٩. سەرەڕای ئەوەش، هانی هەڵسەنگاندنی تاکەکەسیی منداڵان و ڕێبازی فرەچەشنیی دەدرێت. هەروەها دەبێت سەرنجی تایبەت بدرێتە خزمەتگوزارییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە، ئەویش بۆ ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی بەرپرسیارێتیی تاوانن و وا دادەنرێن پێویستییان بە پاڵپشتیی هەیە.

١١٠. ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بۆ دادپەروەریی منداڵ بگێڕن، هەربۆیە کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات، تا بە دوای بەشداریی چالاکانەی ئەو ڕێکخراوانەدا بگەڕێن، ئەویش بۆ گەشەسەندن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتگیری دادپەروەریی منداڵ، جا هەرکات گونجاو بوو، سەرچاوەی پێویست بۆ بەشدارییان دابین بکەن.

## شەشەم. بەرزکردنەوەی هۆشیاریی وڕاهێنان

١١١. زۆربەی کات ئەو منداڵانەی بەشــداریی لە تاوانەکاندا دەکەن، دەبنە قوربانیی بانگەشــەی نەرێنیی میدیا، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکاریی و باوەڕپاویی نەرێنیی بەرانبەر ئەو منداڵانە. زۆربەی کات ئەم پێنـاســـانـدنە نەرێنیی و تـاوانبـارزانینیەی ئەو منـداڵانە، بەهۆی لێکدانەوەی هەڵە و تێنەگەشــتنی هۆکارەکانی تاوانکارییە و بەردەوام دەبێتە هۆی بانگەشــەی ڕێبازێکی توندتری ئەو تێڕوانینانە (بەرگەنەگرتن و زیندانی زۆرەملێ و دادگایی لە دادگای پێگەشتووان و 'ڕێوشــوێنە ســەرەتـاییەکانی تەمێکاریی').[٧٣] دەبێـت دەوڵەتـانی ئەندام بۆ بەشــداریی چالاکانەی ئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوە نـاحکومییەکان و میدیا بگەڕێن، ئەمەش بۆ برەودان و پاڵپشــتیی پەروەردە و چـالاکییەکانی، تـا دڵنیـا ببنەوە هەموو ڕەهەنـدەکانی پەیماننامەکە لە بەرژەوەندیی منداڵانی نێو ســیســتمی دادپەروەریی منـداڵن. بەشـــداریی منـداڵان بە بەشــێکی گرنگی ئەرکەکـانی بەرزکردنەوەی هۆشــیاریی دادەنرێت، بەتایبەتیش ئەو منداڵانەی ئەزموونیان لە سیستمی دادپەروەریی منداڵدا هەیە.

---

[73] Punitive Measures.

١١٢. بۆ چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دادپەروەریی منداڵ، بەشداریی تێکڕای پیشەگەران بۆ بەدەستهێنانی ڕاهێنانی هەمەچەشنی گونجاو سەبارەت بە ناوەڕۆک و واتای پەیماننامەکە، گرنگە. هەروەها دەبێت ڕاهێنانەکان بەردەوام و سیستماتیک بن و بۆ زانیاریی برگە یاساییە نێودەوڵەتیی و نێوخۆییە پەیوەندیدارەکان سنوورمەند نەکرێن. دەبێت ئەمە زانیاریی چەسپاو و بڵاوکراوەی بوارە هەمەچەشنەکان بگرێتەوە، بۆ نموونە؛ هۆکاری کۆمەڵایەتیی و هۆکارەکانی تری تاوان و گەشەی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی منداڵان، لەوانەش: دۆزراوەکانی دەمارناسیی و ئەو جیاوازیانەی وا لەوانەیە ببنە هۆی جیاکاریی دژی گرووپە پەراوێزخراوەکان، وەک ئەو منداڵانەی سەر بە کەمینەکان و خەڵکە خۆجێیەکان و کەلتوور و ویستە باوەکانی جیهانی لاوان و هەروەتر جموجۆڵی گرووپەکان و ڕێوشوێنەکانی لادانی بەردەست و زیندانییە نانەریتییەکانن، بە تایبەتیش ئەو ڕێوشوێنانەی بەدوورن لە پەنابردن بۆ دادخوازییە سەرەتاییەکان. هەروەها دەبێت ڕەچاوی ئەگەری بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ بکرێت، وەک 'دەرکەوتن لە دادگا' لە ڕێی ڤیدیۆوە، ئەمە بە ڕەچاوکردنی مەترسیی ئەوانی دیکە، وەک: (دی. ئێن. ئەی) و هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوامی ئەوەی کار دەکات.

## حەوتەم. کۆکردنەوەی زانیاریی و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە

١١٣. کۆمیتەکە داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات، بە شێوەیەکی سیستماتیک، زانیارییە جیاکراوەکان گلێر بکەنەوە، لەوانەش؛ ژمارە و سرووشتی ئەو تاوانانەی منداڵان ئەنجامیان داون و بەکارهێنان و تێکڕای ماوەی دەستبەسەرکردنی پێش دادگایی و ژمارەی ئەو منداڵانەی بەپێی گەڕانەوە بۆ ڕێوشوێنەکان لە جیاتی دادخوازییە یاساییەکان (لادانەکان)، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەروەها ژمارەی ئەو منداڵانەی تاوانبار کراون و سرووشتی ئەو سزایانەی بە سەریاندا سەپێنراوە، هەروەتر ژمارەی ئەو منداڵانەی لە ئازادیی بێبەش کراون.

١١٤. کۆمیتەکە پێشنیار بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا دڵنیایی لە هەڵسەنگاندنی ڕێکوپێکی سیستمی دادپەروەریی منداڵ بدەن، بە تایبەتیش لە کاریگەریی ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتە بەر، ئەمەش گرێدراو بە بابەتەکانی وەک، ئەو جیاکاریی و تێکەڵبوون و شێوازانەی سەرپێچیی وا ئەنجامدانیان لەلایەن دەزگا ئەکادیمییە سەربەخۆکانەوە، پەسەند کراوە.

١١٥. بەشــداریی منداڵان لە هەڵســەنگاندن و لێکۆڵینەوەکان بە گرنگ دادەنرێت، بە تایبەتیش بۆ ئەو منداڵانەی پەیوەندییان بە سیســتمەکەوە هەیە یان پێشــتر پەیوەندییان هەبووە، هەروەتر هەڵســەنگاندن و لێکۆڵینەوەکان بەپێی ڕێســا نێودەوڵەتییە بەردەســتەکان، ئەمانە بۆ بەشــداریی منداڵان لە لێکۆڵینەوەکاندا، ئەنجام دەدرێن.